## مەزهەر خالقی

مەزهەر بۆ یەکەمجار لە تەمەنی (٨) ساڵیدا لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی شـاری سـنە، وەك دەنگخۆشـێك ناسـراوە و مامۆسـتاکەی (ئەسـەدی) فێـری سـۆڵفێج و مـەقاماتی کوردی و فارسی کـردووە، دواتـر لـە تەمـەنی (١٤) سـاڵیدا لەسـەر ڕادیۆی سـنە، لـە ڕۆژانی چوارشەممەی هەموو هەفتەیەك کاژێر (٨)ی شەو گـۆرانی گوتـووە. دوایـی لـە خزمـەتی مامۆسـتا کامکـاردا، وانـەی فرەتـری وەرگرتـووە کـە ئەوکاتـە ڕابـەری ئۆرکستراکەی کردووە. ئەو بەرهەمانـەی لـەو کاتـەدا لـە ڕادیـۆ سـنە پێشکەشکراون، ڕاستەوخۆ بووە و بەداخەوە هیچ یەکێك لەو بەرنامانە تۆمار نەکراون.

مەزهەر، لە هاوینی ساڵی (١٩٥٨)دا شاری سنە بەجێدەهێڵێت و بۆ خوێنـدن دەچێتە تاران، هەر لەو کاتەوە دەبێت بـە هاوکـاری ڕادیـۆ (تـاران)، بـە زووتـرین کـات لەگـەڵ مامۆستایانی بەناوبانگی ئێرانی وەکو: مورتەزا حەنانە، کەسرەوی، مـەللاح، بـەهاری، یوسفزەمانی، ناصری و لەم دواییانەشدا موجتەبای میرزادە، پەیوەندی پەیدادەکات و لەگـەڵ ئۆرکـسترای سـەمفۆنیك، ئۆرکـسترای گـەورەی ڕادیـۆ ئێـران، ئۆرکـسترای وەزارەتـی هونـەرە جوانـەکان و ئۆرکـستراکانی تـری ئـەو سـەردەمە، دەیـان ئـاواز و گۆرانی تۆماردەکات.

مەزهەر، یەکەم هونەرمەندی کوردە کـە وەك داهێنـەرێك لـە شەسـتەکاندا توانیویـەتی گۆرانی فۆلکلۆری کوردیی، لەگەڵ ئۆرکسترای سەمفۆنیك و ئۆرکسترا گـەورەکانی ئـەو سەردەمەدا بـە شـێوازکی زانسـتی و مـۆدێرن تۆماربکـات، بەمـەرجێك ڕەسـەنایەتی و مۆرکی میلليی ئەو گۆرانییانە، گۆڕانکارییان بەسەردانەیەت و نەشێوێنرێن.

ئـەم هونەرمەنـدە جگـە لـەوەی عـەودالّی هونـەر بـووە، ئەدەبیـشی لـە هونەرەکـەی جیانەکردۆتەوە، چونکە باشترین و جوانترین شیعری شاعیرانی کلاسـیك و ڕۆمانـسیی و نـوێی کـوردیی، هەریەکـە و لەگـەڵ ئـاوازی گونجـاودا بـەکارهێناوە، هـەروەها بـە جۆرێکی دیکە، شیعری شاعرانی لەگەڵ هۆنراوە و ئاوازی فۆلکلۆریدا ئاوێتـە کـردووە، جگەلەوەی تێکڕای گۆرانییەکانی لە ڕووی پاراویی و فۆنەتیکی زمانەوە، جێی بایەخ و ئاماژە پێکردنن.

## چاوپێکەوتنەکەی مامۆستا مەزهەر خالقی
## لەبەرنامەی دەنگی هونەرمەند ساڵی ١٩٧٧ [1]

### بەشی یەکەم

گوێگرە بەڕێزەکان ئەم کاتە و هەموو کاتێکتان بەختەوەر بێ، هونەردۆستانی خۆشەویستم، لەم دوو هەفتەی رابردوودا، کە بەرنامەی ئێمە بڵاوکراوەتەوە، بەناردنی نامە بەڕاستی ئێمەتان هاندا بۆ ئەوەی کە لە ڕێگای خزمەت بە هونەری خۆماندا، زۆرتر تێبکۆشین. ئەو نامانەی گەیشتنە دەستمان، تێیدا نووسرابوو کە بەرنامەی (دەنگی هونەرمەند) بەرنامەیەکە، ئەتوانێت هەموو راستی لە کۆمەڵی کوردەواریدا بنوێنێ و بناسێنێ وە ئەمە جێگای سوپاسە بۆ ئێمە، وە ئومێد دەکەین بتوانین لەم ڕێگایە سەرکەوین. ئێستا لەمە زیاتر کاتی ئێوە ناگرم وە داواتان لێ دەکەم گوێ راگرن بۆ ئەم گۆرانییە. [2]

گۆرانییەکەتان بیست، بێگومان ئەزانن کە میوانی ئەم بەرنامەیە کێیە؟
کاك (مەزهەری خالقی)، کە ساڵەهایە بەرنامەی کوردی چ لە کرماشان و چ لە تاران، وەچ لە باقی شارەکانا هەمیشە لە هونەری ئەم هونەرمەندە هەڵکەوتووەی کورد کەڵکی وەرگرتوە.
کاك مەزهەر بە سوپاسێکی زۆرەوە کە تەشریفتان هێناوەتە ئەم بەرنامەیە، داواتان لێ دەکەم کە لەگەڵ گوێگرەکانا ئەگەر ئەتانەوێت بەچەشنێ بەرنامەکە دەست پێبکەن، چۆن ئەوان واچاوەڕوانن وەگوێیان راگرتووە کە دەنگی ئێوە ببیستن.

**کاك کەمانگەر، بەراستی نازانم لەکوێوە دەست پێبکەم لەبەر ئەوەی پێم وایە ماوەی (٣٠) سی ساڵ ئەبێت کە لە مۆسیقا و گۆرانی کوردی دا بۆ گوێگرەکان، بۆ ئەوانەی وا کوردن و حەز لە دەنگی من ئەکەن، تا ئەو جێیە توانام بووە، تێبکۆشم، بتوانم**

---

١- نووسینەوەی ئەم گفتوگۆیە بایەخ و گرنگی بۆ گەلێك بابەت هەیە، لەبەرئەوە کاتی خۆی بە پێویستمان زانیوە بینووسینەوە، وا بۆ ئەم چاپەش دووبارەی دەکەینەوە.
٢- لێرەدا گۆرانی (پردی سوور) لێ دەدرێ، کە لە سیدی ژمارە (١) دایە.

ئاهەنگە کوردییەکان زیندووبکەمەوە، وە ئەو گوێگرە خۆشەویستانەی واحەز لە هەوای کوردی ئەکەن، حەز لە دەنگی من ئەکەن، بەچەشنێکی تایبەت بتوانم دڵیان بەجێبێنم. بەڵام بەڕاستی ئەوەندە پرسیارم هەمیشە لێکراوە، چ بە نامە، یاخود بەیام لە دەرەوەی وڵات، لە داخیلی وڵات، ئەوەندە پرسیاریان لێکردووم نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم! بەڵام هەروەها کەلە پێشا راتان گەیاند من ئامادەم هەموو پرسیارێك بۆ گوێگرەکان وەڵام بدەمەوە، وەهەروەها ئەگەر هاوکارە خۆشەویستەکانم لە بەرنامەی کوردی دا، ئەگەر باسی چاکیشیان هەبێت دیسان لەگەڵیان ئەدوێم، وە حازرم کە لەم بەرنامەیە یاخود ئەگەر لە هەندێ لە بەرنامەکانی تردا، لەگەڵ گوێگرەکان دابنیشین قسە بکەین.

من ئەمەوێ لەلایەن گوێگرەکانەوە چەند پرسیارێك بخەمە نێوانەوە، لە پێشا رەنگە پێویست بێ بەگوێگرەکانی بڵێم کە زۆر جار لە نامەکانیاندا نووسیویانە کە کاك (مەزهەری خالقی) ئەلعان چی ئەکا، وەلەکوێیە؟ هەڵبەت ئێمە وەڵامان داوەتەوە، وتومانە ئێستا بە ناوی (مدیر کلی سازمانی رادیۆ تەلەفزیۆنی کرمانشاه[1]) خەریکن خزمەت ئەکەن، وە بێگومان بەرنامەی کوردی ئەم شانازییەی بووە کە لەژێر چاودێری سەر راستی مامۆستا خالقی دا بتوانێ لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا، چاکتر لە هەر کاتێك خۆی بنوێنێ، بەجۆرێ کە ئەندازەی نامەکانمان بەڕاستی چۆتە سەروو، وە زۆر لە نامەکان ئەم پرسیارەی تێدایە کە کاك مەزهەری خالقی بۆ هاوکاری ناکات لە ئێستگەدا، وە چۆن بووە کە هونەرمەندێکی هەڵکەوتووی ئاوا، کە چەند ساڵە هیچ ئەرکێکی هونەری نەخستۆتە سەرشانی خۆی؟) جا لەبەر ئەوەی داوا دەکەم ئەم پرسیارە وەڵام بدەنەوە یەکەم پرسیار لێرەوە دەستپێئەکەم، کە چۆن بوو ئێوە کاری گۆرانی وتنتان هەڵبژارد، وە یا چۆن بوو کە زانیتان بەم رێگایە ئەتوانن بە کۆمەڵ خزمەت بکەن؟

کاك کەمانگەر، هەروەها مەعلومە هونەری دەنگخۆشی بەشێکی خوداییە یەعنی لە (خانەوادەگیدا) بە سورەتی(ویراسی) هەڵئەکەوێ، جالەبەر ئەوە من تا ئەو جێگەیە ئەزانم لە خانەوادەی دایکم، وەهەم بابم، دەنگیان باش بووە، ئەویش هەروەها وەکالەت لەوانە ئەم دەنگەم کە لە شێوەی باش بێت، لە رێگەی هونەری کوردیدا

---

[1]- بەڕێوەبەری گشتی رادیۆ و تەلەفزیۆنی کرماشان.

زۆرتر دامناوە. ئەگەرچی شایەت لە پێشا من کاتێ کە لە کلاسی چواری (٤)ی سەرەتایی بووم، یەعنی حدودی (١٠) دە (١١) یانزە ساڵێك دەبووم، من گۆرانی وتنم بەرەدیف و مۆسیقایی فارسییەوە دەستپێکردووە، وە حدودی سێ تا چوار ساڵ موعەلمم هەبوو، هەموو وەزیفەکانی فارسی فێرکردم، هەتا دبلۆمم وەرگرت. ئەو دەمە کە لە (سنە) رادیۆ هەبوو، بەس فارسیم ئەخوێند، پاشان من بەعینوانی موعەلم کە دبلۆم وەرگرت، چوم بۆ (سەقز)، لەو شارە کە کانی هونەرە، هەوای خۆش و ئاهەنگی جوانم لە سەقز بیست، بەڕاستی ئەسەری تێما دانا. ئەو ئەسەرە بوو هۆی ئەوەی بتوانم ئاهەنگە کوردییەکان کە یەکجار بڵاون، یەکجار جوان و نازدارن، ئەم ئاهەنگانە بێنم و بەو شکڵەی وا خەڵك پێی خۆش بێ پێشکەشی بکەم، لەگەڵ ئەو شیعرە خۆشانە، وە لە سەر رادیۆ و تەلەفزیۆن زیندووی بکەمەوە. پێم وایە ئەو کارەش تاحەدێك یەعنی تا ئەو جێیەی ئەرکی سەر شانم بووە، کردبێتم. هەروەها لە بیرمە ئەوەڵ ئاهەنگی کوردی کەمن خوێندم، ئاهەنگی (ئای شل) بوو، ئەو ئاهەنگە پاش مودەتی (٦) مانگ، ئەوەندە نامەی بۆ هات، ئەوەندە خەڵك پێیان خۆش بوو و پرسیاریان کرد و نامەیان نووسی، کە رادیۆی سنە لە سەقزەوە بانگی کردم، ناچار بوو جارێك لەگەڵم بدوێت و بۆ خەڵك موعەڕڕەفیم بکات. هەروەها لە پێشینەی ئاهەنگەکە لێم بپرسێ. پێم وایە، هەر ئەوە بوو بەهۆی ئەوە، کەمن بتوانم ئاهەنگی فارسی بە کوللی بخەمە لاوە، وەبەس ئاهەنگی کوردی بخوێنم.

بەڵێ ئاغای خالقی لێرە ئەو پرسیارە بۆ من هاتە پێشەوە کە ئایا ئێوە یەکەم کاری خۆتان لەرادیۆی سنەدا پێشکەش کرد وەلە چ ساڵێکدا بوو، ئەلعان لەبیرتان ماوە کەچەند ساڵێك لەو کاتە تێپەڕیێ؟

هەڵبەتە بەچاکی نازانم چ مانگێك بوو، بەڵام ساڵەکە لە بیرمە (١٠) ساڵان بووم، لە کلاسی چواری سەرەتایی بووم، کە ئەوەڵەن گۆرانی یا ئاوازی فارسی لەسەر ئیزاعە (رادیۆی سنە)وە دەستم پێکرد. هەروەها باش لە بیرمە کە ئەو دەمەش گۆرانی بێژانی فارس وەکوو (دەردەشتی) کەزۆر زۆر مەعروف بوو دەنگێکی زۆر خۆش و

ڕەزای هەبوو، دەنگی منی لە ڕادیۆی سنە ئەبیست، وە جاروبار بۆ من نامەی ئەنووسی وە لەگەڵ من باسی گۆرانی فارسی ئەکرد، هەڵبەتە ئەو دەمە، شایەت من ئەوەندە شارەزا نەبووم، بەڵام لە بیرمە کاکم نامەکانی بۆ ئەخوێندمەوە و یارمەتی ئەدام کە بتوانم بەباشی وەڵام بۆ ئەو هونەرمەندە گەورە و بەڕێزە بنێرمەوە.

لێرەدا چونکو لە گۆرانی (ئایشل) نێومان برد، وە ئەم گۆرانییە من کە نامەی گوێگرەکان ئەبینم، ئەزانم چەند لایەنگری هەیە! ئەگەر ئیجازە بدەن گوێ ڕابگرین بۆ گۆرانی (ئایشل) هەڵبەت گۆرانییەکە کە لە تارانا خراوەتە سەر شریت، لام وایە زیاتر لە (١٤-١٥) ساڵێك ئەبێت. ئەم گۆرانییە ئەبیستین پاشان بەم وتووێژە درێژە ئەدەین.[١]
کاك مەزهەر پرسیارێکی تر هەیە، ئەزانین کە ئێوە جگە لەمەی کە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا خزمەتتان کردووە، لە بارەی هونەرییەوە، جگە لەوەی کە ئێستا ئەرکێکی گرنگی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە ئەستۆتانە، لە عەینی حاڵ، لە (ئامۆزش پەروەرش)[٢]ی وڵاتدا، وە لەزانیاریدا خزمەتتان کردووە، ساڵەها دەرستان وتۆتەوە. جا من ئەمەوێ سەرەتای ئەم پرسیارە بەمەوە دەست پێبکەم کە ئێوە خوێندنتان تا چ پلەیەکە، وە لە ئاموزش پەروەرشەوە چۆن بوو هاتنە ڕادیۆ تەلەفزیۆن؟

کاك کەمانگەر، من تاساڵانی ئیبتدائی و موتەوەسیتە، هەموو لە سنە بوومە، پاشان لەدانیشگای تاران (لیسانس)ی فیزیکم وەرگرت. دوای ئەوە شوغڵی موعەلیمم هەبوو، ماوەی چوار ساڵ موعەلیم بووم، لەو چوار ساڵەدا هەڵبەت هەر بە هونەری خۆم یەعنی بە گۆرانی وتن لە بەرنامەی کوردی و لە ڕادیۆی ئێرانا پەرەم دا. مونتەها موشکیلەی من ئەوە بوو کە مۆسیقا و گۆرانی لە گیان و دڵما بوو، لە ڕیشەی دڵما بوو، موتەئەسیفانە نەم ئەتوانی لە موحیتی ئاموزش پەروەرشا، یەعنی فەرهەنگدا، بتوانم ئەو هونەرە پەرە پێبدەم وە لە ئیختیاری خەڵکی دا دابینێم. ئەوەبوو هاتم بۆ ڕادیۆ- تەلەفزیۆن و لەم موحیتە بتوانم بەهونەر خزمەت بکەم.

---

١- لێرەدا گۆرانی (ئایشل) لێدەدرێ کە لە سیدی ژمارە (١) دایە.
٢- وەزارەتی پەروەردە.

ئەوەی کەوا توانیومە لە مودەتی سی (٣٠) ساڵ بە دەستی بێنم ئەو تەجروبە باشانەی کە لەمۆسیقای کوردیدا وەرمگرتووە بۆ خەڵکی بگێڕمەوە، وە یا لەئیختیاری هونەرمەندە تازە و گەنجەکانی ترا، دای بنێم، ناچار بووم کە بێم لە رادیۆ-تەلەفزیۆندا ئیش بکەم، بۆ ئەوەی بە هونەر زۆرتر خزمەت بکەم، بە هونەری ئێران، بە هونەری کوردی بە فۆلکلۆری کوردی، ئەو هونەرەی کە پێم وایە لە پلەوپایەکی زۆر بەرزدایە، نەك تەنها لە ئێران، لە جیهاندا. جالەبەر ئەوە، زۆر خۆشحاڵم کە ئەتوانم لەم بارودۆخەدا بە هونەر زۆر خزمەت بکەم. بۆ ئەو گەنجانەی واحەز لە گۆرانی کوردی وە لە هونەری کوردی ئەکەن، بتوانم خزمەتێکیان لەم رێگایەوە پێ بکەم.

کاك مەزهەر پرسیارەکان زۆرن، بێگومان کاتی ئێمە کەمە، من ئەم مژدەیە بەگوێگرەکان ئەدەم کە حەفتەی داهاتوو دیسانەوە لە سەعاتی (٨,٥- ٩) ئێمە لە خزمەتیان ئەبین، بەڵام ئەگەر ئیجازە بدەن لێرەدا من ئەمەوێ سەرنجێکی هونەرمەندە لاوەکانی کرماشان بدەین کە لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی کرماشاندا هونەرنومایی ئەکەن. وە لەسەر ویست و داخوازی ئێوە گۆرانییەك لە وان هەڵبژێرین وە لە دوایەمین بەشی بەرنامەکەماندا پێشکەشیان بکەین.

زۆر مەمنون ئەبم، بەڵام تکام ئەوەیە کە ئەلعان لە کوردستاندا هەندێ لاو و گەنجی زۆر زۆر دەنگخۆش و بە دڵنزیك هەن، حەز ئەکەم هەواکان یا گۆرانییەکانی من وتومە، هەتا بەچەشنێ کە من وتوومە، دیسان بیگێڕنەوە، جا لەبەر ئەوە تکا ئەکەم یەکێ لەوانەی کە ئاهەنگەکانی من زۆر بەسۆز، زۆر بەجوانی خوێندوە، یەکێ لەوانە بۆ گوێگرەکان بڵاوبکەینەوە زۆر مەمنون ئەبم.

(لێرەدا گۆرانی (هاتم بەبۆنەی خاڵت) لە دەنگی هونەرمەند ئیسماعیل سابووری بڵاوئەکرێتەوە).

## بەشی دووەم

گوێگرە بەڕێزەکان، ئەم کاتە و گشت کاتێکتان باش، ئەگەر بڵێم هیوامان شادمانی و خۆشی ئێوەیە درۆ ناکەم، بەڵام چونکو رەنگە هەزاران جار لە زمانی وێژەرەکانی ئێمەوە بیستبێتان کە هەر وتومانە ئومێد دەکەین هەر شاد و کامەران و خۆش بن، ئەمەیە کە هەموو جارێ من ئەیڵێم هیوادارم ئەم بەرنامەیە کە پێشکەشتانی ئەکەم، ئەمڕۆ وە هەموو هەفتەیەك لەم کاتەدا بۆ ماوەی نیو سەعات، بەرنامەیەکی هونەری ئاراستە ئەکرێ و پێشکەشی ئێوەی ئەکەین، بەدڵتان بێ و پەسەندی بکەن، ئەگەریش هاتوو بەرنامەکانی بەدڵتان نەبوو، بۆمان بنووسن، رەخنەمان لێ بگرن، بڵێن کە بەرنامەکانتان ئەم کەموکوڕییەی هەیە. رەنگبێ تائێستا چەند جار بە بۆنەی جۆربەجۆرەوە لەگەڵ ئێوە قسەم کردبێت وە وتبێتم، کە ئێمە نیازمان بە رێنمایی و رابەری ئێوە هەیە. بەڵام ئەم کاتە ئەڵێم ئەم گۆشەیە کە گۆشەی (دەنگی هونەرمەندە) پێویستی بە هاوکاری هەموو هونەرمەندێکە، هەر هونەرمەندێکی کورد لە هەر کوێدایە، لاموایە ئەبێ خۆی بە لێپرسراو بزانێ بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئێمەدا هاوکاری بکات. هەر هونەرمەندێکی کورد، لە هەر کوێ دا هەیە ئەگەریش خۆی نەیویست و هاوکاری نەکرد، ئێوەی هاوولاتیان لە هەر کوێ دا هەن درێغی نەکەن، بنووسن بۆ ئێمە تا ئێمە لە ئێستگەی خۆمان و خۆتانەوە بیناسێنین. هونەرمەندان لێپرساوترین چینەکانی کۆمەڵن، هونەرمەندان تێگەیشتووترین، بیرڕووناکترین ئەفرادی کۆمەڵن. بەڕاستی حەیفە هونەرمەندان ناویان، رەنگیان، لە ئێستگەدا نەبێت... هەروەها یادیان. ئەمجارە کە لێپرسراوین بەرنامەیەکی هونەریتان پێشکەش بکەین، ئامانجمان ئەوەیە هونەری بەم چەشنەی کە لە کۆمەڵدا بووەو هەیە بنوێنین، وە ئەگەر کەموکوڕییەك لە کاریا هەیە ئەوەش بنوێنین وەباسی لێوە بکەین. وە ئەگەر هونەرمەندانمان ئەو چەشنەی کە لێپرسراون، یان خراوەتە سەر شانیان، خۆیان لە کۆمەڵدا بە لێپرسراو نازانن، ئاگاداریان بکەینەوە و وریایان بکەین. ئێمە هەمیشە وتومانە هونەرمەند خۆشەویسترین چینی کۆمەڵن، جا خوشکان و برایان، گوێگرانی خۆشەویستی ئێستگەی کوردی، چاوەڕوانین ئێوەی خۆشەویست ئێوەی بەوەفا، ئێوەی هونەردۆست، لە هەر کوێ دا هەن هەر هونەرمەندێك ئەناسن بە ئێمەی بناسێنن. هەروەها لە هونەرمەندانی کوردیش ئەم داخوازیەمان هەیە کە بنووسن بۆ ئێمە وە بەناساندنی خۆیان بە کۆمەڵەکەیان بناسێنن، هەڵبەت ئێمە خۆشمان بەیناوبەین سەر ئەدەینە جێگای کاری هونەرمەندان، وە لە گەڵیاندا

وتوویژ ئەکەین، بەڵام هونەرمەند زۆرە، بەبێ شك هەمووشیان بۆ ئێمە ناسراو نین، ئەمەیە کە داواتان لێ ئەکەین لە هەر کوێ دا ئەگەر خۆتان هونەرمەندن، یان هونەرمەندێك ئەناسن، ئاگادارمان بکەن بەم هیوایەوە کە بەرنامەی تازەی (دەنگی هونەرمەند) لە خزمەت هونەری کوردیدا لە هەموو بارێکەوە سەرکەوێ.

دەستی یەکە یەکەتان ئەگوشم وەپێتان ئەڵێم: ئەم بەرنامە تازەیە بەرنامەیەکی هونەرییە بۆ خزمەت بە هونەری وڵاتە خۆشەویستەکەمان، جا سوپاس بۆ هەموو لایەکتان.

(لێرەدا گۆرانی (نیشتمان) بڵاوئەکرێتەوە).

کاتێ لەوە گەیشتن بە سوپاسەوە، لە ئاغای خالقی هەفتەی رابردوو، دیسان کە بە ناوی گۆرانی کوردی، یان بیسەرانی گۆرانی کورد، بەتایبەت (دەردەشتی) هاندەری ئێوە بوو، پێویستە زیاتر لەم دەرفەتەوە خزمەت بکەن" وەبێشك ئەوەش لەوەوە سەرچاوە دەبن، ئێوە خۆتان عیلاقەیەکی تایبەتیتان بە هونەر بووە، جا من ئەمەوێ یەکەم پرسیاری ئەم بەرنامەیە بەم جۆرە دەست پێ بکەم، کە بەلای ئێوەوە هونەرمەندانی کورد لە کۆندا چۆن بوون، وە بە بیروڕاتان سەبارەت بە هونەرمەندانی ئێستای کورد کە خەریکی خزمەتن، چۆنە؟

**کاك محەمەد! ئەوە زۆر پرسیارێکی موشکیل ئەبێت، لەبەر ئەوە من گۆرانی و مۆسیقا، بەناوی (هاواری دڵ[1]) تەعبیری ئەکەم. وە بەلای منەوە، کە سێ گۆرانی ئەڵێ، ئەوە هاواری دڵیەتی، جا لەبەر ئەوە کە یەکێك ناڵێ من دەنگم خۆش نییە، هەموو کەس بە (زمان) گۆرانی ئەڵێ مەعنای ئەوەیە، کە کاتێ بۆ خۆی گۆرانی ئەڵێ، بەلایەوە خۆشە، جالەبەر ئەوە ئەوەی وا لەدڵەوە دەرچێ ئەبێ هەر خۆش بێ، ئەوسا ئەگەر یەکێ چاکتر و باشتر ئەخوێنێ، ئەوا نەفی ناکا کە ئینسان ناتوانێ گۆرانی بڵێ، وە ئینسانێك ناتوانێ شیعر بهۆنێتەوە، ئینسانێك کە دەنگخۆش نەبێ ناتوانێ بڵێ، بەلای منەوە نەفی ناکات، یەعنی من هەر کەسێ گۆرانی بڵێ بێگومان گوێی بۆ ڕادەگرم، وە ئیحتیمالی زۆریشی هەیە لە سەدا نەوەد، لام ناخۆش نییە گوێم لە هەر دەنگێك ببێت، جا ئەوە کە زۆر موشکیلە، من بڵێم دەنگخۆش چییە وە دەنگ ناخۆش چییە؟ بەڵام ئەگەر بەتەرتیب بێم دەنگخۆش بڵێم یەعنی من حەز لە دەنگی کێ ئەکەم لەوە ئەترسێم هەندێکم لەبیر بچێ لایان وابێ کە من حەز لە دەنگیان ناکەم، لێم بتۆرێن یا بیگرنە دڵ. بەڵام لە ئێراندا**

---

١- لەبەرئەوە ناوی ئەم کتێبەمان کردووە بە (هاواری دڵ).

دەنگخۆش یەکجار زۆرە، ئەگەر لە کۆنەوە دەستی پێبکەین (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی)، ئەگەر لە کوردستانی عیراقەوە بڵێین (مەلا کەریم)وە هەروەها (عەلی مەردان)، (تایەر تۆفیق)، (رەسول گەردی) ئەمانە، وە هەروەها لە کوردی ژووروو حەسەن جەزراوی، ئەوانە مامۆستایەکن ناویان لە مێژووی گۆرانی بێژانی کورددا چەسپە و هەموو کوردێك ئەوانە بە دەنگخۆش ئەناسێ. بەڵام لە ئێراندا دەنگخۆش ئێجگار زۆرە، ئێجگار زۆرە لەوانەی کە گەنجن، لام وایە دەنگخۆش وەکو (شاهۆ) زۆر کەم پەیدا ئەبێ، یاخود محەمەدی ماملێ گەلێ دەنگی خۆشە، یاخود لە کرمانشانی خۆمان، لێرەدا برایانی سابوور زۆر خۆش ئەخوێنن. بەڵام لە ناو گەلدا زۆر کەس هەیە وەکوو برایانی زیزی، لەو کۆڕە زۆرن لەو تیپە زۆرن، پێم وایە دەنگخۆش زۆرە ئەگەر هەڵی نەبژێرین چاترە بە ڕای من، ئێستە بەتایبەت لە ناو کوردەکاندا لە ئێراندا کلۆکۆیەکی زۆر زۆر هەیە. مەسەلەن رەزازی لە سنە هەیە کە بەڕاستی جوان ئەخوێنێ، بەڕاستی دەنگی دلگیرە، مرۆڤ لە کوردەواریدا رۆژ بەرۆژ ئەچێتە پێشەوە، ئەوە کە دیاری نەکەین کێ باش ئەخوێنێ وەکێ باشتر ئەخوێنێ، پێم وایە بڵێین ئەوەی وا هونەرمەندە و زەحمەت بە هونەری کورد ئەکێشێ، سوپاسی بکەین، وەئەبێ قەدری بگرین و یارمەتی بدەین، کە بتوانێ هونەری خۆی پەرە پێبدا، باسی من ئەوەیە هونەری کوردی، وە شیعری کوردی تارادەیەکی فراوان وە تارادەیەکی تێکەڵاوی جوانییە، کە پێم وایە لە ناو گەلانی جیهان کەمتر فەرهەنگێك هەیە کە ئەوەندە بڵند بێ، لەلایەن مۆسیقا و شیعرەوە.

هیوام ئەوەیە ئەو لاوانە، ئەو گەنجانەی وائێستا دەستیان کردووە بە گۆرانی خوێندن بتوانن ئەو کۆمەڵە هونەرە، ئەو گەنجینە فۆلکلۆرە کە بەجێ ماوە لەدێکاندا، لە کوێرە دێکاندا، لە شارەکاندا، ئەوانە زیندوو بکەنەوە وەرێکوپێکی بکەن.

کاك مەزهەر زۆر لە گوێگرەکان پرسیار ئەکەن کە تەمەنی تۆ چەند ساڵە، وەلەم ماوەدا کە خەریکی کاری گۆرانی گوتن وە خزمەت بە گۆرانی کوردی بوویی، چەند گۆرانیتان تا ئێستا پێشکەش کردووە؟

بەڕاستی من نازانم چەند گۆرانیم تائێستا وتووە، وە لەسەر کاسێت هەمە، بەڵام پێم وایە لە (١٠٠) تێ پەریوە، هەڵبەتە بەڵێ وایە شایەد ئەنجامی سی ساڵ چالاکی هونەری لە

بەرنامە و تەلەفزیۆندا بووبێتم، تەمەنم لە (٤٠) چل ساڵ دام، وە خێزانم هەیە، وە تـەنها کوڕێکم هەیە کە ناوی (رەزا)یە.

زۆرێ لە هونەرمەندان، لەگەڵ شاعیراندا هاوکاریان هەیە، کەسێك کە خەریکی هونەری گۆرانی وتن بێ، بێ گومان نیازی بەوە هەیە کە شاعیر یا هۆنەرێك هاوکاری لەگەڵا هەبێت، یان چەند شاعیر و هۆنەرێك زۆری لە گۆرانییەکانی ئێوە شیعرەکانی هـی هۆنـەرانی پێـشووە بـەڵام لـە هۆنەرانی تازە لەوانەی کە ئێستا ژیانیان هەیە، ئایا ناوی کەسانێك هەیە لە بیرتان کـە لەگـەڵ ئێوە هاوکاریان بووبێت.

کاك کەمانگەر ئەوە باسێکی زۆر زۆر ورد و جوانە، من بۆ خۆم عاشقی شیعر و مۆسـیقام جاروباریش کە ئاهەنگێکی خۆش، یا مەقامێکی خۆشم دیتۆتەوە، تاکو شیعری مناسـب، شیعری جوانم لەسەر ئەو ئاهەنگە نەدیبێ نەم توانیوە بیخوێنم، هەتا جاروباریش لەگـەڵ شاعیرەکان، یاخود لەگەڵ رەهبەری (ئۆرکسترا) من بەقسە تێگیراوم، لەبـەر ئـەوەی کـە بتوانم گەلی خۆم رازی بکەم، ئەو ئاهەنگـە، ئـەو شـیعرە بەچەشـنێکی زۆر زۆر جـوان بـۆ خەڵك پێشکەش بکەم، هەڵبەت ئەوەی کە فەرمووت شاعیرانی کۆنی کـورد شـیعری زۆرم لێ خوێندۆتەوە، کامڵەن دروستە، راستە بـۆ ئـەو هونەرمەنـدە کوردانـە، ئـەم شـاعیرانە، گەنجینەی ئەدەبی ئێمەن.
جا لەبەر ئەوە لام وابوو کە هەندێ لەو ئاهەنگانەی کە لەسەر شـیعری شـاعیری کـوردین بخوێنرێتەوە، هەڵبەت ناوی شـاعیر کـەم ئـەبرێت، بـەڵام ئەوانـەی وا شـیعرێ بـۆ منیـان وتووە، یەکێکی کاك دکتۆر سراجدینی بووە، وە عوسمانی ئەحمەدی بـووە، کـە ئـەویش هاوکارمانە لێرەیە، وە هەروەها دکتۆر موفتی زادە بووە، وە هەروەها کـاك سـوارە، کـە یەکێك لە شاعیرانی گەنجی کورد بوو، هەروەها زۆری ئەوانەی وا شـیعریان ئـەوت، بـەڵام ئێستا ناویان بەچاکی نازانم، بەڵام ئەوەی وا لە ئەدەبیاتی کوردیـدا وە دەسـتی شـیعری هـەبووە، وە نووسـینی کـردوە، بـە چەشـنێك شـیعرەکانیان وە نووسـینە جوانـەکانیان لەگەڵ ئاهەنگە جوانەکانی کوردی دا رێکبخەم و پێشکەشی خەڵکی بکەم.

ئاغای خالقی چونکو قسەکانمان ماوەیەکی زۆری گرت و وەهەمیشە رامان ئەوە بووە کە ئێمە لەسەر داخوازی گوێگرەکان، گۆرانیمان هەڵبژاردووە ئەگەر ئیجازە بدەن لێرەدا گۆرانییەك هەڵبژێرن بەڵام لەسەر داخوازی ئێوە بێت، لە گۆرانییەکانی خۆتان.

**ئەگەر ماوە بدەن بۆ ئەوەی ئەم بەرنامەیە زۆر زۆر با لەسەر من نەڕوات، من ئاهەنگێك هەڵبژێرم و پێشکەش بەگوێگرەکانی بکەم، ئەگەر ماوە هەبێت ئاهەنگێك لە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی هەڵئەبژێرم.**
**(لێرەدا گۆرانی هەی (نابیٚ نابیٚ) لەدەنگی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بڵاودەکرێتەوە).**

کاك مەزهەر هونەرمەندان بێگومان کاتێك نرخ و بایبان چاکتر لە کۆمەڵدا دەردەکەویٚ کە بتوان بە گوێرەی ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵ وە چۆنیەتییێکی تایبەت کە لە کۆمەڵدا بەدی دێت خۆیان بنوێنن وە هونەریان پێشکەش بکەن. ئێمە ئەزانین ئێوە بە نێوی هونەرمەندێکی کورد ئەم لێپرسراویەتان هەست کردووە کاتیٚ کە فەرمانی شاهانە دەرچوو لە ئێراندا زەوی بەشکریٚ وەچینی ڕەنجدەری جوتیار لە ڕەنجی خۆی دەستهاتێکی پیٚ بدریٚ وە ببێتە خاوەنی ئاووخاك، ئێوە گۆرانییەکتان پێشکەش کرد بەناوی (جوتیاری ئازا). وەبەم چەشنە جوتیاران ڕوانیان کە هونەرمەندی کورد بەتایبەتی بەرنامەی کوردی، ئەوانی ناسیوە و دەنگیانی بەرز کردۆتەوە.
وەپاشان لە وڵاتی ئێمەدا ئاڵوگۆڕێکی تر بەدی هات، وە ژنی ئێرانی بە نێوی ئەندامێك لە کۆمەڵ ئەو مافەی پێدرا کە خۆی بنوێنیٚ وەتەنانەت بچێتە پەرلەمانەوە، لە نێو ژنانا وەزیر هەڵبژێراوە نوێنەرانی مەجلیسیش چەند نەفەریان ژن بوون، دیسانەوە ئەبینی کە ئێوە گۆرانییەکتان پێشکەش کرد بەنێوی (شێرە ژن).
وەبەم چەشنە لە ژنەوە بۆ یەکەم جار، بەتایبەت لە ژنی کوردەوە، هونەرمەندێك باسی کرد. ئەمما ئەم باسە فەرقی بوو لەگەڵ ئەوانەی کە باسی خەتوخاڵیان ئەکرد، ئەمجارە باسی ژنێك بوو کە ئەتوانیٚ بێتە مەیدانەوە وە لە کۆمەڵدا خۆی بنوێنیٚ. وە پاشان کە ئاهەنگی نیشتمانی لە وڵاتەکەماندا لە کاتی جۆربەجۆردا گێڕاوە و بەڕێوەبرا، دیسانەوە سروود و گۆرانی نیشتمانی ئێوە پێشکەش کرا. جا لێرەدا ئەمەویٚ ئەو پرسیارەتان لیٚ بکەم کە بە نێوی هونەرمەندێکی کورد ئایا تا چ حەد هونەرمەندان بەلێپرسراو ئەزانیت لە کۆمەڵدا؟

هونەرمەند لەگەڵ گەلدا ئەبێ بجوڵێتەوە، یەعنی بەلای منەوە بە عەقڵی مـن، هونەرمەنـد تەعەللوقی بە گەلەوەیە، یەعنی گەل بە هەر بارێکدا بـچێ، هونـەریش وە هونەرمەنـدیش لەگەڵی ئەڕوات، جا لەبەر ئەوە بەتایبەت نامەیە کە ئەهات بۆ من ئەمدی لە بەینی هەموو چینێکدا، چاکتر بڵێم هەموو چینێك کەموزۆر حەزی لە دەنگم هەیـە، یـەعنی ئـەو چـینە مومکینە ناوی بەرین لاو بێ یا مومکینە ئەو چینە وا تەمەنی لەسـەرەوەیە، یـاخود هـەتا چینی مەلا بێت، یا خوێندەوار یا فەلاح بێ، جـا هـەر لەبـەر ئـەوەی مـن بـۆ گـەل وە بـۆ خەڵك گۆرانیم ئەووت، لازم بوو کە هەموو چینێك حەز لە دەنگی من بکەن حەز لە هەوای من بکەن، وە لازم بوو کە دڵی ئەو خەڵکە رابگرم.
ئەوەبوو من هەموو ئەو ئاهەنگانە جۆربەجۆرێك بە کوردی و لە کوردسـتاندا هـەبوو، مـن هەموویم دیسان وتـەوە، هـیچ بـۆ مـن فـەرقی نـەبوو کـە ئـەو ئاهەنگـە ئاهـەنگی شـادی هەڵپەڕکێ بێت، یاخود مەقامێ بێ. شایەد ئەو تەفریقە یانی ئەو جۆربەجۆری هونەرەکـە کەمتر لەبەین هونەرمەندان وتراون، بێ راپێچ بێ مەبەستم ئەوەیە تۆ هـەر هونەرمەنـدێك کەسەیر ئەکەی ئەبینی مومکینە بەستە بڵێ، مومکینە ئاهەنگی شادی و هەڵپەڕکی بڵـێ. بەڵام من سەعیم کرد هونـەری خـۆم تەوەسـوع پێبـدەم و بتـوانم هـەموو ئـەو ئاهەنگانـە بڵێمەوە، هەڵبەتە بەچەشنی سەحیحی خۆیەوە هەموو چینێك بـە ئاهـەنگی مـن دڵخـۆش بێت.

داواتان لێ ئەکەم کە ئەم موژدەیە بەگوێگرەکان بدەن کە هەفتـەی داهـاتووش دیـسان وە لـەم بەرنامەدا بەشداری بکەن.

بەچاوان.

## بەشی سێیەم

پاش ئەوەی لە سەرەتاوە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوێگران درایەوە، بەرنامەکە بە گۆرانی (وەرگەڕێ) دەست پێ کرا..
هەروەها گوێمان لێ بوو کە گۆرانی وەرگەڕێ پێشکەش بە گوێگرەکان کرا، وە ئێستا مامۆستا خالقی بۆ سێیەم جار میوانی ئەم بەرنامەیەیە، ئەمەوێ داواتان لێ بکەم سەبارەت بەم گۆرانییە کورتەیەك باس بکەن کە ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرە وە گۆرانیەکی زۆر کۆنە، بەڵام بێگومان ئێوە لە هەر کەسێکی تر شارەزاتر وەچاکتر ئەتوانن ئەم گۆرانییە بە گوێگرەکان بناسێنین، پاشان سەبارەت بەچۆنیەتی پێشکەش کردنی لەلایەن هونەرمەندانی ترەوە باس بکرێ.

کاك کەمانگەر، ئەم هەوایە هەوایەکی زۆر کۆنە، پێم وایە ئەگەر باش لێی بکۆڵینەوە مومکنە بابوباپیری ئێمە بزانێت کە ئەم هەوایە تەمەنی چەندە وە لە چ شارێك وە لە چ مەنتیقەیەکەوە هەڵاتووەو دروستکراوە. بەڵام من ئەم هەوایە کە بە دوو جۆر تا ئەو جێگەیە لەبیرم بێت لەسەر رادیۆ وە لەگەڵ مۆسیقادا وتوومە.
یەکێکی هەر ئەوەبوو کە بیستان، کە شیعرەکەی شیعری فۆلکلۆرە، بەڵام ئەم هەوایە بەچەشنێکی تریش وتوومە، یەعنی شیعرەکانی کاك عابدی سیراجەدینی دایناوە، کە لەسەر جوانی شاخ و داخی کوردستان، هەروەها جوانی رەوتی مراوی، ئەو شیعرە دروستکراوە. بەڵام بە ڕاستی ئاهەنگێکی زۆر جوانە، ئەمجا خەڵکی تریش خوێندوویانە.
ئەگەر ماوە هەبێ لێی ئەکۆڵینەوە بزانین چۆنە، ئەم ئاهەنگە فۆلکلۆرانە لە گۆرانی بێژەکانی کورد ئەیخوێنن هەر کەس بەزەوق و سەلیقەی خۆی بەئەشتەهای خۆی یاخود بەقودرەت و زەوق و سەدایە کە هەیەتی، نەختێك تەغەییوراتی تێدا ئەکا.
من پێم وایە ئاهەنگی فۆلکلۆر ئەگەرچی سینە بە سینە بەخەڵك ئەگات، بەڵام حوسنێکی هەیە کە پیاو مەحدوود ناکات دروست لەسەر نۆتە و قاعیدە و قانوونێکی

دروست ئەو ئاهەنگە بخوێنێتەوە. لام وایە ئەوە راز و بەقای ئاهەنگی فۆلکلۆرە کە جگە لەو ئاهەنگە لەسەر ئەو چوارچێوەی خۆی بۆ عومرێکی زۆر شایەد قەرنێك یان چەند قەرن، خۆی بە چەشنێك کەم و زیاد، یەعنی ئیشتیهایەکی لەسەر زیاد ئەکات و تەحریراتێك یاکو تەقەننوناتێکی تیا ئەکات.
ئەو ئاهەنگە جوانتر ئەبێ، یاخود هەندێ کەس ئەتوانن جوانتر بیڕازێننەوە و تەقدیمی جەمعی خەڵکی بکەن.

بەڵێ.

هەڵبەت پێم وایە پاش ئەو قسەیە و وتارمانە، ئەگەر هەمانبێ لە گۆرانی بێژانی تر کە ئەم ئاهەنگەیان خوێندووە باش تێ ئەگەین کە ئەگەر لەسەر چوارچێوەی نۆت ئەم ئاهەنگە پیادە بکەین ئەوەی وامن خوێندوومە ئەوەی وا هونەرمەندانی کوردی تر خوێندوویانە.
لەسەر ئەم چوارچێوەیە، بەڵام بەعزێ ئەقسام وە بەعزێ سەداگەل سەداهای لەگەڵی هەیە کە بەبێ ئەوەی زەربی بەبێ ئەوەی رەتڵی بگۆڕین، ئەبینین ئەو تەفەننونانەی تیا ئەکرێ ئەو هونەرنومائیانەی تیا ئەکرێت، کە گوێگر بتوانێت تا حەدێك زەوق و سەلیقەی ئەو هونەرمەندە لەو ئاهەنگەدا ببینێتەوە، پێم وایە دەنگخۆش بە تەنها لە هەوا کوردییەکان مهیم نەبێت. موهیم ئەوەیە بزانێت ئاهەنگێك نەختێك ئارام بێت، یاکو لە چ جێگایەك تەسویرێکی سەدای هەبێت، یا مەکسێکی مەلیحی هەبێت. ئەوەیە کە ئاهەنگی فۆلکلۆر جاویدانە ئەمێنێتەوە، یەعنی هەتاهەتایە ئاهەنگی کوردی ئەمێنێتەوە بەبێ ئەوە خەڵك ماندوو بێت لە بیستنی، ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە پیاو دائیم گوێی لە زەوقی هونەرمەند بێ، گوێی لە زەوقی گۆرانی بێژ بێت، کە ئەو گۆرانییە بتوانێ چۆن بڕازێنرێتەوە.
پێم وایە بۆ ئەوە گوێگرەکان بتوانن رەستی ئەم مەوزوعە لەگەڵ ئاهەنگەکان بکەنەوە، ئەگەر مومکینە نازانم هەوای (وەرگەوەڕێ) ئەگەر کەسێکی تر لە گۆرانی

**بێژەکان خوێندویێتی، ماوە بدەن کە گوێگرەکان گوێیان لێ بێت، پاشان ئەتوانین دیسان لەسەر باسەکەمان بڕۆین.**

بەڵێ ئێمە ئەلعان ئەتوانین گۆرانیەك کە (شادڕەوان حەسەن زیرەك) چەند ساڵێ پێش لە رادیۆی کرمانشانا پێشکەشی کردووە، بخەینە سەروو گوێمان لێی بێ. (بەڵێ) بەڵام من لە پێشا ئەم ئاکامەم هێنا لە ئێوە کە ئەو گۆرانییانەی کە هەر بەو چەشنەی لە کۆمەڵا بووە وە هەیە چاکترە کە هەروا بمێنێتەوە، وە بە ڕاستیش هەروایە، چونکە زۆر جار هونەرمەندان هاتوون وەخۆیان خستۆتە زەحمەتەوە گۆرانیان پێشکەش کردووە" بەڵام گۆرانیەکی کۆن و فۆلکلۆری بووە، چونکو زۆر دەستکارییان کردووە ئەو ئەساڵەتەی لە دەستداوە، وە بەو چەشنەی کە گوێگر چاوەڕوان بووە، بەداخەوە نەیتوانیوە پێشکەشی بکات.

**بەڵێ کاملەن وایە.**

بەڕێزان ئێستا گوێمان لە گۆرانی (وەرگەڕێ) ئەبێ لە دەنگی شادڕەوان (حەسەن زیرەك.) گۆرانیەکەمان بیست بێگومان شادڕەوان حەسەن زیرەك توانیوویە ئەم گۆرانییە بەچاکی پێشکەش بکات، بەڵام لێرەدا من لە مامۆستا خالقی پرسیارێکم هەیە، زۆرێك لە هونەرمەندانی کورد کە ئەم گۆرانییەیان پێشکەش کردووە و بێگومان لە داهاتووشدا پێشکەشی ئەکەن، ئەو شیعرەی کە هەر لە کۆنەوە گۆرانییەکەی رازاندۆتەوە وە بەشیعر ئەو گۆرانیە راگەیەنراوە، دەستی لێ ئەدەن وە ئەو شیعرە ناخوێننەوە، زۆر جار هەیە کە کەمێك دەستی لێ ئەدرێ، گەلێ جاریش ئەسڵەن شیعرەکە بە تەواوی هەر لائەبەن، وە هۆنراوەیەکی تازە ئەخەنە سەری، جابیروڕاتان سەبارەت بەم کارە چییە؟

**بەڵێ کاك کەمانگەر من پێم وایە زۆر هەوا و ئاهەنگ هەیە موتەئەسیفانە بە مروری زەمان شیعرەکانی لە بیر چوونەتەوە، بەس ئەو تەرجیع بەندە بەجێماوە کە ئاهەنگەکە زۆرتر لەسەر ئەوە رائەوەستێ، بەعزێ ئاهەنگ تەرجیع بەندییەکەی یەکی دوو شیعر بەجێماوە، بەعزێکی جگە لە تەرجیع بەندییەکی هیچ شیعرێکی بۆ نەمابێت.**

جا بە عەقڵی من، ئەبێ لەبەرا ئەو ئاهەنگە لەگەڵ شیعرە تایبەتەکەی خۆیا، لەگەڵ شیعرە قەدیم و کۆنەکەی خۆیا بخوێنرێت، وە پاشان چارنییە ئەبێ هەندێ شیعری هەر لەسەر ئەو هەوایە دابنێن، وە تەقدیمی خەڵکی بکەن، وەڵێ موتەئەسیفانە بەعیللەت ئەوە کە هەوای کوردی نەختێك بە ئیزافەکردنی مەسەلەن لە شیعرەکانا پاش ئیزافەکردنی (گیان) مەسەلەن (ئەرێ) یا (چاوەکەم) یاخود شتێکی لەم قەدیمانە، شیعرەکە دروست ئەکەن و تەقدیمی خەڵکی ئەکەن.

وە هەندێ جاریش ئاهەنگێکی مەحزوونە ئەبینی شیعرێکی شاد لەسەری ئەڵێین، یاخود بەعەکس ئاهەنگەکە هەواکە شادە، بەڵام شیعرێکی غەمگین لەسەری ئەڵێین.

ئەوانە هەیە و مەعەلئەسەف پیاو ناتوانێ کارێکی لەگەڵ بکات، وەجوان ئەوەیە کە ئەم هەوا کوردییانە لەگەڵ شیعرەکانیەوە رێکبخرێت. ئەگەر هەوایەك بەس شیعرێ یان دوو شیعری لێ بەجێماوە، لەسەر ئەو شیعرە وە لە سەر ئەو هەوایە دیسان چەند شیعرێك بکرێت بۆ تەکمیلی ئەو ئاهەنگە، شاعیری کوردی جوان ئەو شیعرانە بڵێت و بنووسێت، وە گۆرانی بێژە بەناوبانگەکان بیڵێن تا خەڵك فێری بێت.

هەڵبەت هەروا کە بیستت هەواکەی کە حەسەن زیرەکیش وتی شایەد چەند شیعرێکی هەوەڵی کە خوێندی شیعری ئەسڵی ئەم ئاهەنگە بوو، بەڵام شیعرەکانی تری نەخێر، شیعرێك بوو کە یامە خۆی دانابوو، یاکو شیعرێکە مەعمەلەن بە سوورەتی فۆلکلۆرەوە و خەڵك ئەیزانێ، بەم بۆنەیەوە پێم وایە کە یەکێ لە کارگەلێ نەمان کردووە کە ئەبێ بیکەین، شیعر لەسەر ئاهەنگەکان دابنێن، یا هەر ئاهەنگێ بە شیعری تایبەتی خۆیەوە بۆ خەڵکی تەقدیمی بکەین.

## شیکردنەوەی دەنگ و مۆسیقا و هارمۆنیایی گۆرانییەکانی مامۆستا (مەزهەر خالقی)

مەزهەر خالقی ئەو دەنگە ڕەسەنەیە کە هەموو گیانت لە بارێکی خۆش بەختیاری و هەست بەخۆکردنەوە جێ دەهێڵێ، هەر کاتێ گوێت لە گۆرانیەکانی بێ، هەڵکەوتنی گۆرانیبێژ و خاڵی دەستپێکردنی هونەرەکەی بێگومان لەخۆیەوە دەست پێ دەکات، ئینجا بە هەندێ لایەنی تری هونەری تێدەپەڕێ و تادەگاتە ئاستی لێپرسینەوە لەلایەنی خەڵکی. لێرەدا وەکو هونەر دۆستێك لە هەندێ لایەنی هونەری دەنگ و مۆسیقا و هارمۆنیای مۆسیقای گۆرانییەکانی مامۆستا (مەزهەر خالقی) دەدوێین، بێگومان ئەو شیکردنەوەی ئێمە ناچێتە قالبی لێدوانێکی زانستییانەی پسپۆڕێك لە مۆسیقا و دەنگی مرۆڤانە، بەڵکو لێدوانێکی خستنەڕووی ئەو بابەتە گرنگانەیە کە لە گۆرانی و مۆسیقای گۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندە دەکەوێتە بەر گوێمان.

١- دەنگ و لەرینەوە، لە لایەن (مامۆستا مەزهەر).

لە بارەی دەنگی مرۆڤەوە، ئەوا لە زووێکەوە ئەم دەنگانە دابەشکراون.
دەنگی پیاوان
دەنگی ئافرەتان و منالآن پێکەوە.

دەنگی پیاوان دابەشدەکرێ بە سێ جۆر (باس- باریتۆن- تینۆر)، دەتوانین دەنگی مامۆستا مەزهەر بە تینۆری (٢) لەقەڵەم بدەین، چونکە دەنگێکی ناسکە و تارادەیەکیش پلەکەی بەرز و باریکە. لە حەوت دەنگەکانی مۆسیقا (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆڵ، لا، سی). دەنگی مامۆستا مەزهەر دەکەوێتە نێوان پلەی (٦-٧) واتە (لا و سی).

دەنگی مامۆستا مەزهەر، دەنگێکی مۆسیقاییە بە هەموو مەفهومییەتی دەنگ، لەلایەن مۆسیقا دانەران و ئاواز دانەران. لێرەدا مەبستم هاتووچۆی دەنگی ئەو

هونەرمەندەیە لە نێوان دەنگەکانی مۆسیقاوە، کە هاتوچوونێکی زۆر زانستییانەیە، هەر کە پێویستی ئاوازەکە داخوازی کرد لە دەنگێکەوە بەرەو دەنگێکی بەرزتر یاخود نزمتر بڕوا، ئەوا یەکسەر وەکو ئامێرێکی دەنگ نەگۆڕاو، دەنگەکەت دەداتێ. ئەم خاسیەتە زۆر بەدەگمەن دەبینرێ لە نێو گۆرایبێژانی تردا.

لەبارەی لەرینەوەی دەنگەکەشی، ئەوا ئەو لەرینەوەیە بووەتە پێویستییەکی سەربەخۆ بۆ هێنانەدی باشترین شێوە لە ئادای گۆرانی و بەخشینی جوانترین شێوەی تەعبیریەت بۆ گۆرانیەکە، مەبەستم لێرەدا: ئەو لەرینەوەی کە لە دەنگی مامۆستا مەزهەرەوە رەچاو دەکرێ، لەرینەوەیەکی (دەستکرد) نییە، بەڵکو لەگەڵ ئادا و چوونە نێو جیهانی مۆسیقا و دەربڕینی وشەکانی گۆرانی، ئەم حاڵەتەی بەسەردادێ، ئەم سێ شتە واتە (ئادای گۆرانییەکە لەگەڵ قودسیەتی مۆسیقا و تەعبیرکردن لە وشەکانی گۆرانییەکە) لەلایەن مامۆستاوە، بوونەتە هەوێنی ئەم لەرینەوەیە هونەرییە. هەروەها لەرینەوەی دەنگی مامۆستا مەزهەر هیچ کاتێك بەزۆر لەخۆکردن، یاخود بۆ دەنگخۆشکردن بەکارنەهێنراوە.

ئینجا گەر بێت و سەرجەمی دەنگ و لەرینەوەی دەنگی مامۆستا مەزهەر کۆبکەینەوە و بیخەینە ژێر تاقیکردنەوە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە مامۆستا شارەزاییەکی تەواوی هەیە لە مۆسیقا و دوورنییە نۆتە و ئامێرێکی مۆسیقاش بزانێ.

٢- مۆسیقای گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر خالقی:

هەر کە باسی مۆسیقای گۆرانییەکانی مەزهەر خالقی دەکەین، هەستدەکەین کە کوردیش لە بواری داهێنان لە هونەردا، ڕۆڵەی بلیمەتی خۆی هەیە. کاتێ کە گوێ بۆ گۆرانی (کەمەرەشل) یاخود ( دەمەگری مەگری) شلدەکەین، هەستدەکەین کە مۆسیقای ئەم دوو گۆرانییە لە دەروونمانەوەیە لەگەڵ خوێنمانا هاتووچۆ دەکا. من بەش بەحاڵی خۆم هەست دەکەم کە (بەرزی چیا، سەوزی داروبار، دەشتی باوەش کراوە، جۆگەلەی سافی ئاوی سازگاری بەفری تواوە، هاژەی تاڤگە، سەدای دەنگی کەو و بولبول، بونەتە سەرچاوەی ئەو مۆسیقایانە). هیچ کاتێك هەستناکەم کە

مۆسیقاکە لە هێڵە مەنتیقیەکەی خۆی لابدات، ئەو مۆسیقایە میلودیەی کە بۆ گۆرانییەکانی نووسراوە، زەمینەیەکی پڕ داهێنانی پاڵ پشتە، واتە هەر ریزکردنی (جوملەی) مۆسیقا نییە، بەڵکوو ئاوازەکە زنجیرەیەکە تا نەگاتە شوێنی پێکانی خۆی ناپچڕێ. دەمەوی بڵێم: ئاوازی پێشەکی گۆرانییەکان هەموو کات و دەمێك، بەشێکن لە ئاوازی ڕەسەنی گۆرانییەکە، چونکە هەروەکو ئاشکرایە هەموو گۆرانییەك ئاوازی میلودی خۆی هەیە، جا ئەگەر بێت و ئەم گۆرانییە ئامادە بکرێ، دەبێ پێشەکی مۆسیقای بۆ دابنرێ هەروەها مۆسیقای کۆپلەکانی گۆرانییە. ئەوەی لە گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر رەچاو دەکرێ، حاڵەتێکی زۆر سەرکەوتووە لە بواری پوختەیی مۆسیقاکە لەگەڵ ئاوازی میلۆدی گۆرانییەکە. گەر بێتو گوێ بۆ ئاوازی میلۆدی پێشەکی گۆرانی (دەمەگری مەگری) شل بکەین، ئەوا خاڵە گرنگەکەمان بۆ روون دەبێتەوە کە مۆسیقا هەر بۆ پێکەوەنان دروست نەبووە، بەڵکو بەشێکی گرنگ بووە لە سەرکەوتنی بابەت و ناوەڕۆکی گۆرانییەکە. ئەو بەشە هونەرییانەی کە گۆرانییەکانی مامۆستا (مەزهەر خالقی) یان پێوە بەندە، هەموویان تێکڕا حاڵەتێکی پڕ لە تێگەیشتن و بیرکردنەوەمان بۆ دەردەخەن، کارەکان هەموویان ئەو کەسانە پێی هەڵساون کە پسپۆڕن لە کارەکانیاندا. واتە هەر لە دانەری مۆسیقا، بگرە تا دەگەیتە مۆسیقاژەنەکان و کارە هونەرییەکانی تر، هەموویان شارەزاییەکی گەلێ چاکیان هەیە لە کارەکانیاندا، هەروەها تۆمارکردنی گۆرانییەکانی مەزهەر، هەروا بۆ پێویستیەکی تایبەتی نەکەوتونەتە تۆمارگەکان و خەڵك بەرگوێیان بکەوێ، بەواتایەکی تر دانەری مۆسیقا کە مۆسیقای گۆرانییەکانی نووسیوەتەوە، مافی ئەوەی بەخۆنەداوە بە (سێ، چوار ئامێری مۆسیقا گۆرانییەکان تۆمار بکات)، بەڵکوو هێنانەدی مۆسیقایەکی پوختە بە تیپێکی ڕێکوپێك لە بواری ئامێرەکانی دا، ئامانجی هەرە گەورەی خۆی بووە.

هەر کاتێ گوێ لە گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر بگرین، ئەم خاڵەی کە ئێستا باسمان کرد بۆمان ڕوون دەبێتەوە و خەڵکی سادەش هەست بەم خاسیەتە دەکەن، ئەمەش کە هەندێ جار پێمان دەڵێن: هەست دەکەین مۆسیقای گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر خالقی مۆسیقایەکی پڕە و زۆر بەلەزەتە.

### ٣- هارمۆنیای مۆسیقای گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر خالقی:

هارمۆنی (Harmony) واتە (ئاوێتە بوونی دوو دەنگ یان زێتر: چوار، پێنج، شەش دەگەیەنێ، جا ئەو دەنگانە گونجاوبن یان پەرش و بلاوبن، هەموویان بەیەك ترپە لێ بدرێن). هەروەها مەبەستیشی بەخشینی دەوڵەمەندی مۆسیقایە لە مەودوا و دەوڵەمەندکردن و وروژاندن و تازە کردنەوەیە، ئەم هارمۆنییە لە بنەڕەتدا لە تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای ڕۆژئاواییە، بەلام ئێمە لە مۆسیقای خۆمان هەڵمانهێنجا و سودمان لێ وەرگرت.

گەر بێتو سەیرێکی مێژوویی گۆرانی کوردی بکەین، لە ساڵانی (چل)ی ئەم سەدەیە، هەندێ خاڵی گرنگمان بۆ ساغ دەبێتەوە و هەندێ شتی تری نوێشمان بەرچاو دەکەوێت، ئەمیش ئەو گۆرانییانەی کە لە کاتی خۆیدا گوتراون بە مۆسیقایەکی ساکار و بە بەکارهێنانی چەند ئامێرێك، زۆربەی ئەو ئامێرانە کە شانبەشانی گۆرانی کوردی دەڕۆیشتن، بە ئامێری بێگانە دەدرانە قەڵەم، لە بواری دەربڕینی ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردی.

هەروەها مۆسیقاکەش مۆسیقایەکی تێکهەڵکێشی مۆسیقای عەرەبی بوو، ئەمە بەنیسبەت مۆسیقای کوردی لە عیراقدا، چونکە ئەو گۆرانیبێژانەی لە عیراقدا بوون وەکو (کاوێس ئاغا و عەلی مەردان)، لە ئێستگەی کوردی لە بەغدا گۆرانییەکانیان تۆمار دەکرد، ئەوکاتیش ئێستگە تیپێکی مۆسیقای بە مۆسیقای کوردی نەبوو، جالەبەر ئەوە، هونەرمەندانی ئێستگەی بەغدا (بەشی عەرەبی) بەئامێرەکانیان بەشداری مۆسیقای گۆرانییەکانیان کردووە و زۆربەی مۆسیقای گۆرانییەکانی هونەرمەندە کوردەکان لەو کاتەدا مۆسیقایەکی عەرەبییە، کەچی گەربێت و چاوێك بە مۆسیقای کوردی لە ئێراندا بخشێنین، ئەوا هەست دەکەین ئەوان زۆر لە ئێمە چاکتر خەمخۆری هونەرەکەیان بوون، ئەم حاڵەش زۆر بە ئاسانی دەردەکەوێ، ئەمیش لە گۆرانییەکانی (مامۆستا حەسەن زیرەك و ماملێ و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی)، مۆسیقای گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندە بەرزانە، تاڕادەیەکی زۆر مۆسیقایەکی

کوردییە، هەروەها مۆسیقاژەنەکان لە ئامێرەکانیاندا گەلێ زیرەکن. تائێستا باسی خاڵی سەرەکی ئەم بابەتەمان نەکردووە، چونکە بابەتەکە (هارمۆنیای مۆسیقای گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر خالقی)یە، کە بەندە بە هارمۆنیای مۆسیقای کوردی بەگشتی، نەوەك تەنیا هارمۆنیای مۆسیقای گۆرانییەکانی مەزهەر خالقی، ئەم خاڵەی باسی لێوە دەکەین خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە بەکارهێنای ئەم هارمۆنیایە لەگەڵ گۆرانی کوردیدا، خۆی لە خۆیدا کارێکی پڕ مەترسییە، گەر بێتو بەکارهێنانەکە شێوەیەکی زانستییانە وەرنەگرێت، لەبابەتی هارمۆنیادا زۆر شێوە هەن کە مۆسیقایان لەسەر دابەش دەکرێ هەندێ لەم شێوانە (ڤۆجە- پۆلیفۆنی- هۆمۆفۆنی) دوایی دێینە سەرباسی ئەمانە و بەکارهێنانی ئەم شێوانەش لەسەر گۆرانییەکانی کوردی دیاری دەکەین بەتایبەت گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر.

زۆربەی ئەو تیپانەی کە لەگەڵ مەزهەر خالقی دا ئیشیان کردووە، تیپێکی ئۆرکسترالی بوونە، بەواتایەکی تر ئەو هارمۆنیایەی کە بەر گوێمان دەکەوێت، لە تیپێکی کامڵ دەردەچێ، واتە زۆربەی زۆری ئامێرەکانی مۆسیقای تێدا بەکارهێنراوە. لەکاتێکدا ئەو ئامێرانە پێش ماوەیەك بەر لە ئێستا، بە ئامێری نامۆ دەدرانە قەڵەم لە نێو مۆسیقای کوردیدا. لە گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر (کلارنێت و ئۆبوا و چەلۆ) شانبەشانی ئامێرە میللییەکانی کوردی (شمشاڵ و تار و کەرەنای) خزمەتی گۆرانی کوردی دەکەن، ئەو هارمۆنیە ئاوێتەییە کە هەردوو بەشی ئامێری ڕۆژئاوایی و ئامێری ڕۆژهەڵاتی ئەیژەنن، بێگومان گەورەترین داهێنانە لە بواری وەدەستهێنانی مۆسیقایەك کە گوێچکەی خەڵکی پێ ئاو دەدرێ.

### (شیکردنەوی هەندێ بابەتی هارمۆنیایی لە گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر)

ڕەچاوکردنی هەندێ بابەتی هارمۆنیای جیهانی لە نێو ئاواز و گۆرانی کوردیدا، مایەی شانازی و سەربەرزییە بۆ هونەرمەندانی کورد بەگشتی. چونکە گەلی کوردیش مافی ئەوەی هەیە کە هیچی کەمتر نەبێ لە بواری هونەر، لە گەلەکانی تری سەر ڕووی زەمین.

شێوەی هارمۆنی (پۆلیفۆنی) لە گۆرانی (نازدار)ی مامۆستا مەزهەردا ڕەنگ دەداتەوە. چونکە (پۆلیفۆنی) واتە: بەکارهێنانی هەمان ئاوازی سەرەکی گۆرانییەکە، یاخود ئاوازی سەرەکی مۆسیقاکە، لە میانەیەکی مۆسیقای دیاریکراودا. ئەم شێوەیە بە دوو جۆر خۆی دەنوێنێ لە گۆرانی (نازدار)دا، یەکەمیان بەکارهاتنی مۆسیقاکە لەگەڵ دەنگی مەزهەر لە (میانەی سێیەم)، دووەمیان ڕۆیشتنی مۆسیقا شانبەشانی یەکتر، ئەمیش لە میانەیەکی مۆسیقای دیاریکراو و گونجاو. حاڵەتێکی تر کە لایەنی داهێنان بەدیار دەخات لە لایەن مەزهەرەوە، ئەمیش گوتنی گۆرانییەك بە دووجار لەلایەن گۆرانیبێژەوە، واتە جاری یەکەم تۆمار دەکرێ کە بۆ جاری دووەم تۆمار دەکرێ مۆسیقایەکە نادرێتەوە، تەنیا گۆرانیبێژ لەگەڵ دەنگی تۆمارکراوی خۆی گۆرانییەکە لەسەرهەمان پلەی پێشوو دەڵێتەوە، هەندێ جاریش لە میانەی سێیەم گۆرانییەکە دەڵێتەوە، وەکو لە گۆرانی (بەری بەیانە)دا بەرگوێ دەکەوێ. بێگومان ئەم کارە زۆر قورسە و هونەرمەندێکی بە توانای دەوێ، هەروەها دەبێ لە ئیقاعدا شارەزاییەکی تەواوی هەبێ و هەرگیز لێی دەرنەچێ.

ئەو گۆرانییانەی کە دوو دەنگی تێدا بەکارهاتووە، لەسەر هەمان دەنگی مۆسیقا (ساقی، کیژێ خۆی دانیشان، ئەو کیژە کاڵە ...تاد).

بەکارهێنانی شێوەی (ڤۆجە)ش لە گۆرانی (بۆی دێنم)، بارێکی ناسکی بۆ خوڵقاندووین، (ڤۆجە) بەواتای تاکە میلۆدییەك دێت، کە میلۆدییەکە لە ئامێرێکەوە دەچێتە ئامێرێکی تر، بەڵام پاش ئەوەی ئامێری یەکەم میلۆدییەکە دەژەنێ، ئینجا نۆرەی ئامێری تر دێت و هەمان میلۆدی لێدەدا، لەم گۆرانییەدا واتە (بۆی دێنم) ئامێری (ئۆبوا و چەلۆ)ی ڕۆژئاوایی، لە تەك ئامێرەکانی مۆسیقایی ڕۆژهەڵاتی لەوپەڕی بەرزی و پوختەیی دان، بەتایبەتی لە کۆپلەکانی گۆرانییەکە کە بەشێوەی هارمۆنیایەکی نەچەسپاو بەر گوێمان دەکەوێ، لێرەدا دەمەوێ بڵێم تێکڕای مۆسیقای گۆرانییەکانی مامۆستا مەزهەر خالقی، لەم ساڵانەی دواییدا کە بەرگوێمان کەوت بەتایبەتی بەرهەمی ساڵی (١٩٨١)، تائێستا مۆسیقایەکی گەلێ پوختە و ڕێکوپێکە لە بواری:

١- بەکارهێنانی ئامێری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی لە نێو تیپێکی ئۆرکسترالی و دابەشکردنی مۆسیقایەکە بۆ ئەم دوو بەشەی ئامێرە مۆسیقاکان.

٢- مۆسیقاژەنەکان لە ئاستێکی گەلێ بەرزدان، ئەمەش لە بواری ژەنینی ئامێرەکانیان و ڕۆشنبیری مۆسیقایان.

٣- هەرچەند زیاتر گوێ بۆ مۆسیقاکان شل بکەیت، زیاتر مۆرکی ڕەسەنایەتیت بۆ دەردەکەوێت لە گۆرانییەکاندا.

٤- ئەم هەموو دابەشکردنەی مۆسیقا بۆ ئامێرەکانی تیپی مۆسیقا، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەکردۆتە سەر ئاوازی ڕەسەنی گۆرانییەکان، ئەم حاڵەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر زانینی زانستی هارمۆنی و مامەڵەکردنی ئەم بابەتە لەگەڵ مۆسیقای کوردی دا.

نووسینی

ئامانج غازی ڕواندزی

هەولێر-١٩٨٨

## مۆسیقا و گۆرانی خۆراکی ڕۆحمانه
## (هەڵاڵە) مەزهەر خالقی[1]

نووسینی: بێریڤان جەمال حەمەسەعید

ئاسان نییە هونەرمەند لە برەوپێدانی هونەرەکەی، بەرەو بەرهەمی سەروەختە دێرینەکان ڕووەو مێژوو بگەڕێتەوە، بەمەبەستی بەدیهێنانی کاری داهێنەرانە لە هەمان کاتیشدا بەهەستێکی بەرپرسیارانە هونەرەکەی بخاتە بەرگێکی نوێوە، سەر ئەنجام بە ئافراندن و تاموچێژێکی مۆدێرنانە ڕابردوومان پێ ئاشنا بکاتەوە، بەمەرجێك دوور بێت لە شێواندنی ناوەڕۆك و فۆرمی بەرهەمەکە. جا ئەگەر ئەم پرۆسەیە لە هونەرەکانی تردا بە ئاسانی بەدەستەوە بێت، بێگومان لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیدا، سەخت و دژوارە و شارەزاییەکی بێشوماری دەوێت، مەیدانی ئەم بوارە سوارچاکێکی شارەزای پێویستە.

ئاشکرایە ئازادی و سەربەستی لە هەڵبژاردن و بڕیارداندا، شامەرجە بۆ بەدەستهێنانی پرۆژە و بەرهەماکانی داهاتوو، تاکو مرۆڤ بتوانێت فۆرم و ناوەڕۆك، بۆ بابەتەکانی دابڕێژێت. بەڵام گەر ئازادی لە مرۆڤ داگیربکرێ، نەتوانێت خۆی سەربەستانە هەڵببژێرێت و بڕیار لەسەر فۆرم و شێوەکانی بابەتەکەی بدات، ئەوا نەك هەر کۆسپ و ڕێگرێکە لە ئەنجامدانی پرۆژەکانیدا بگرە ئیفلیجکردنی جیهانی هۆش و هەستیشیەتی، نەك هەر پەرژین و تەلبەنکردنی تواناکانیەتی، بگرە ڕووخاندن و تێکدانی کەرامەتیشیەتی.

بێگومان لە کوردستانی پاچە پارچە کراوی خاك داگیرکراودا، هونەرمەند، هەر کارە هونەرییەکانی نەدەکەوتە ژێر مەترسییەوە، بەڵکو خۆشی دەکەوتە مەترسیەوە. لەلایەك دەبێت وەکو مرۆڤێك، وەکو کوردێکی ژێردەستە، بەرگری لە خودی خۆی

[1]- ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی هاوولاتی ژمارە (٢٧٤)ی ڕۆژی (١٧/٥/٢٠٠٦)، لا: (١٤)دا بڵاوکراوەتەوە.

بکات، لە لایەکی تریشەوە وەك هونەرمەندێك دەبێت بەرگری لە کارە هونەرییەکانی بکات.
دیارە هونەری ڕەسەن لە واقعی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت، کۆمەڵگای کوردیش هەمیشە لە لایەن هێزە دەسەڵاتدارە فاشیستەکانەوە هەوڵی لە ناوبردن و تواندنەوەی دراوە و مافە سەرەتاییەکانی پێشێل کراوە. هونەرمەنیش هەروەکو ئەندامانی تری کۆمەڵگا هەوڵی داوە بەرگری لە بوونی خۆی بکات. بەرگریش کە شێوەی جیاجیای لە خۆی گرتووە، یەکێ لەوانەش بەرگری کردنە لە ڕێگای هونەر.
هونەرمەندی ناوداری کورد (مەزهەر خالقی)ش کۆششی بەرهەمداری پیادەکردووە و شوێن دەستی بەم چەمکەوە دیارە. سەرباری کۆنترۆڵ و سانسۆری ڕژێم، توانیویەتی لە ڕێگەی هونەرە جوانەکەیەوە بەرگری لە میللەتەکەی و کارە هونەرییەکانی بکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پاراستنی فەرهەنگی ناسنامەی نەتەوەکەی دەگرێتە خۆ.
لە ئینتەرڤیویەکدا کۆمپۆنیست و ڕابەری ناسراوی فەرەنسی پیرر بۆلەی، لەمەڕ بیروبۆچوونی موزیك دەڵێت: نابێت موزیك لە ئاستی پلە نزمیدا بنووسرێت. مەبەستی ئەم هونەرمەندە لەوەدایە کە دەڵێت کۆمپۆنیست و هونەرمەندەکانی ئەم سەردەمە لە ڕووی تیۆرییەوە بەرپرسیارن، پێی وایە چالاکی و داهێنانی مۆسیقا، کاری زانین و عەقڵگەراییە و چالاکیەکی سەر پێی نییە، بەڵکو شیاوی بیرکردنەوەی قوڵ و چڕوپڕە، هەروەکو کرۆچی بندیتۆ (١٨٦٦- ١٩٥٢) فەیلەسوف و سیاسی ئیتاڵی ئەوەمان بیرئەخاتەوە کە هونەرمەندی مەزن مایکل ئەنجیلۆ ئاماژەی پێداوە: (مرۆڤ بە دەست وێنە ناکێشێت، بەڵکو بە مێشك). هەڵبەت پێش ئەوەی پرۆسەی دەربڕین لە چالاکی هونەریدا بێتە ئاراوە، بیرەکان لە مێشکی هونەرمەندا ئامادەیە و پاشان بەهۆی دەربڕین و بەرجەستەکردنی ئەم هەستانەشەوە بەرهەمە هونەرییەکان ساز دەبێت.
پسپۆڕی ناو براو لە ئینتەرڤیوەکەیدا جەخت دەخاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە هونەرمەندی ئەم سەردەمە، بەرپرسیاری هونەرمەندانی پێشینەن، دەبێ کارە هونەرییەکانیان لە ئاستێکی بەرز و ماناداردا بێت، ئاستی کارەکانی هونەرمەندانی پێشینە دانەبەزێنێتە خوارەوە.

گەر سەرنجی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانی مەزهەر خالقی بدەین، دەردەکەوێ کە چەند بە هەستێکی بەرپرسیارانە و دڵسۆزانە داهێنانی ئەنجامداوە و چەندین گۆرانی دێرینی لە ئاستێکی بەرز و مانادار و لە بەرگێکی نوێدا ژیاندۆتەوە و بەهای زیاتری پێبەخشیوون و بەنرختری کردوون. بۆ نموونەش یەکێ لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی گۆرانی قەشەنگی هەڵاڵەیە، هۆنراوەی شەریف سنەیی، ساڵی (١٩٨١).

لە نێو کیژانا تەنیا هەڵاڵە

دڵی غەمینە و لە سوچی ماڵە

دەمەگری مەگری، مەگرە بەهانە

دەنێرم بۆت بێن شەدە لەبانە

هەڵاڵە وەرە، هەڵاڵە وەرە

کیژە جوانەکەم تاوێ هەڵپەڕە

هونەرمەند مەزهەر، پەرەی بەم گۆرانییە فۆلکلۆرییە داوە، بەو دێڕە زیادەیەی خوارەوە لە بەهای بەرهەمەکەی بەرزکردۆتەوە و تاموچێژێکی نوێی پێ بەخشیوە.

لێرەدا دەردەکەوێ هونەرمەند هەوڵی داوە نەك تەنیا نەوەکانی کۆمەڵ لەیەك نزیك بکاتەوە، بەڵکو ئەوان بە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووەوە ببەستێتەوە. شارستانی ڕابردوو بەشارستانی ئێستاوە گرێ بداتەوە.

لەکاتێکدا گوێ لەم گۆرانییە دەگریت، هەست بەجۆش و خرۆشێك دەکەی، پێدەچێت نۆتەکان لەناو ناختدا تیشك بدەنەوە، دوابەدوای ئەمەش وزەیەك بە ڕۆح دەگەیەنێت.

دیارە لە ئامێزبوونی ئاواز و مبلۆدی و دەنگی بەسۆزی، تێکەڵییەکی جوانی پێکهێناوە، کە هەریەکێ لەم لایەنانە ڕۆڵی خۆی لە کارە هونەرییەکەیدا بینیوە، لە هەمان کاتیشدا لەناو یەکدا تواونەتەوە و بەشێوازێك کە هەر لایەنێك لە لایەنە هونەرییەکان، سەرکەوتووانە ڕۆڵی خۆیان پاراستووە، تێکەڵییەکی هاوسەنگ یان بڵێین هارمۆنی لە دەنگ و ئاواز و ئیقاعدا دەبیستی، هەروەکو چۆن پرچ لە یەك ئاڵاون و بە ناویەکدا چوون، دەنگی نۆت و ژێی دەنگی لە یەك ئاڵاون، بەبێ ئەوەی لایەنێك لە لایەنەکەی تر زیاد و کەم بێت.

## ئەوین و داهێنان
## مەزهەر خالقی
## (لەناو ڕەشماڵی خێلان[1])

بێریڤان جەمال حەمەسەعید

ئاشکرایە چەمکی خۆشەویستی و میهر و ئەوین، نەك هەر بناغەی بەرهەمی زۆر لە داهێنەرەکانن، بەڵکو کۆڵەکە و بڕبڕەی پشتی کارە هونەرییەکانی شاعیر و ڕۆمان نووس و کۆمپۆنیست و گۆرانیبێژی شانۆ و ئۆپێراکانن. سووتەمەنییەکە، بۆتە هۆی هێز و گەشەپێدانی فەنتازیا و عەقڵی داهێنەرەکان.

لە سەدەی دوانزەدا ئەمیری بلەیا[2] (ژۆفرەی ڕۆدڵ) ئەشقی خانمێك دەبێت، لە ڕێ ئەو هەواڵانەی کە دەماودەم دەربارەی ئەوی بیستبوو، کە شازادەیەکی چەند بە توانا و قەشەنگ و لێهاتوە، بەبێ ئەوەی چاوی پێ کەوتبێت تا دەهات تینی ئەشق بۆ خانمی نەبینراو زیاتر و فرەتر دەبوو، بە چەشنێك هەستی گیانی برسی و تینوی خۆشەویستی لە هەڵبەست و هۆنراوەکانی بە تەواوی ئاشکراو خۆیابوو، بەلام بڵێسەی دەروونی گڕگرتووی ئەو عاشقە بە هیچ شتێك خامۆش نەدەبوو، بەڵکو هێزی ئەشق پاڵی پێوەنا کە بەبێ دوو دڵی بەشداریی شەڕی خاچپەرستەکان بکات و هیواخوازی ئەوەبوو لەو ڕێگوزەرەدا بە دیداری دڵبەرەکەی شاد بێت، بەلام لە ڕێگادا دەرد و گرفتاریی ئەوین زیاتر تینی بۆ دێنێت بە چەشنێك کە لە پەلوپۆ دەکەوێ و دووچاری نەخۆشییەکی سەخت دەبێت و لە مردن نزیك دەبێتەوە، ئەم هەواڵە دەگاتە خانمەکە. خانمیش کە ئەمیرەی تریپۆلیە، بڕیار دەدات بە هەر شێوەیەك بێ، بگاتە ئەو ئاشقە، لەو ساتە وەختەی خانمی دڵبەر بە بینی ئاشق شاد دەبێت و ماچی دەکات و ئاشق لە ئامێز دەگرێ، گیانی ئاشق دەردەچێت. ماچی بەیەك گەیشتن و

---

١- ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٢٣)، ٢٠٠٦/٦/١٣، لا: ١٠، بڵاوکراوەتەوە.

تێبینی: لەم نوسینەدا ناوی چەند کەڵە هونەرمەند و کارە هونەرییە جیهانیەکان بەکارهێناوە، مەبەست لە بەراوردکردن لە نێوان کاری هونەرمەندی کورد و ئەم کەڵە هونەرمەندانە نییە، بەڵکوو تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکەیە.

٢- Umberto Eco

ماچی ماڵئاواییکردن دەبێتە یەك ماچی هەتا هەتایی. بەدوای چەند سەدەیەکی تر کاریگەری ئەم بەسەرهات و ڕووداوە لە زۆربەی بەرهەمی نووسەر و شاعیر و ڕۆمان نووسەکاندا، ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە لە بەرهەمی شاعیری ئیتالی ((کاردۆجی گیۆس)) (١٨٣٥–١٩٠٧). شانۆ نووسی فەرەنسی ((ڕۆستاند ئەدمۆند)) (١٨١٤–١٩١٨). شاعیری ئەڵمانی ((هاینە هینەرخ)) (١٧٩٧–١٨٥٦).[١]

پیانۆژەن و کۆمپۆنیستی گەورەی ئەڵمانی ((ڕۆبەرت شومان)) (١٨١٠–١٨٦٥) کە هەر بە کارە ئۆپێرایی و کۆنسێرتەکانی هەستی مرۆڤی ڕانەکێشاوە، بەڵکو یەکێ لە هەرە بەرهەمە گرنگەکانی کە لە بەرزیدا گەیشتە لووتکە، پارچە موزیکی (٤٨) بەناوی (Dichterliebe) (خۆشەویستی و ئەشقی شاعیر) کە تێکستی گۆرانییەکەی شاعیری ئەڵمانی ناوبراو (هاینە هینەرخ)ە، تایبەتمەندی ئەم پارچە موزیکە لە هەڵبژاردنی تێکست و مۆسیقاکەدا، تێکەڵەیەکی جوانی تێکرا دروست کردبوو بە شێوەیەك قەڵەم هێزی نووسینی نەبوو، ئەو هەست و سۆزەی کە ئەم ئاواز و گۆرانییە خوڵقاندبووی، بە وشە دەرنەدەبڕا، ئەو ئاشقەی کە دەیەوێت هێزی خۆشەویستیەکەی گڕی دەروونی، کڵپەی ناوەوەی بگەیەنێتە دڵبەری. گەرچی جەزای وەڵام نەدانەوەی ئەشق و خۆشەویستی سەخت و ئازارمەندە، بەڵام ئاشق ئەو ماچەی کە نەبووە بە دوو ماچ، لە یادەوەریدا دەرناچێت، چێژی ماچەکەی لە ناخیدا مۆرکی خۆی جێ دێڵێ، ئەو ماچەی کە دەبێتە ماچێکی هەتا هەتایی، هەروەکو هەستی خۆشەویستەکەی ئەبەدی دەبێت، یادەوەری لە جوانی ماچەکە و هەستی خۆشەویستی لە بیرنەکراوی بۆ ئەو دڵبەرەی، دڵنەوایی و دڵنیایی لە پاشانیشدا هەستی ئاسوودەیی لە ناخی شاعیردا دروست کردبوو.

گەر سەیری بەرهەمەکانی هونەرمەندی خۆشمان (مەزهەر خالقی) بکەین ئەویش لە هەندێ گۆرانیدا دەچێتە قاڵبی ئەویندار و دڵدارەوە، خۆی دەخاتە شوێنی ئەوان بە خۆشی و شادی و ئازار و خەم و فرمێسك و ئەشکەنجەی ئەوانا دەڕوات وردەکاری و سیمای ڕاستەقینەی دڵداری و ڕوخساری حاڵەتەکانی عاشق دەگێڕێتەوە، جوانی و هەستی بێتاوانی عاشق و دڵدار و دڵخوازمان پیشان دەدات نموونەش: هەتاکو من تۆم

---

١- A.A van de Braembussche

بێ" خۆشم ئەوێ"میوانی دڵ"یادی خۆشەویستی" کە هۆنراوەکانی عوسمان ئەحمەدییە، ئاوازی حسەین یوسف زەمانی، گۆرانی "شەوەرێ" هۆنراوەی (د. عابیدی سراجەدینی)، ئاوازی حسەین یوسف زەمانی... تاد.

گۆرانی زۆر قەشەنگ و بەچێژی کە هەر چەند گوێی لێ دەگری وا پێ دەچێ یەکەم جارە گوێت لێی دەبێ، هەمیشە تازەیە و هەڵگری کاراکتەری بەهێز و تایبەتی خۆیەتی، لە ساڵی (١٩٧٢) تۆمارکراوە ئاوازی مەزهەری خالقییە و هۆنراوەی (د. عابیدی سیراجەدینە). گۆرانی ژووانە:

**لەناو ڕەشماڵی خێڵان**

**لە ناوچەی ئێڵی گۆران**

**کیژە کوردێ چاو بەڵەك دێ**

**بۆ لای دڵدارو بۆ جێ ژووان**

**بە چرپە و دەم پێکەنین و بە لەنجە**

هونەرمەند لە گۆرانیەکەیدا بە دەنگی خۆش و ئاوازی زۆر جوانی، بێ تاوانی هەستی عەشق و خۆشی و کەیف سازی ئەویندار دەخاتە ڕوو، ئەو ساتە وەختانەی دڵداران لە جێ نزرگەی ژووان یەك دەگەن، ئەو ساتە وەختەی کە عاشقان بە زەردەخەنەی گەشەوە بە تیلە چاوی بێگەردەوە، دەڕواننە قوڵایی چاوی خوماری یەکتر، ئەو هەستە خۆشەی دڵداری تواندۆتەوە بۆ شتێکی پیرۆز، زات لە ناخدا هەستی پێ دەکات، ترپە و لێدانی دڵ دەگۆڕێ، خوێن لە شادەمارەکاندا دەهێنێتە جۆش و خرۆش، هەموو شتێ لە بەرچاوانیاندا وەك زێڕ دەبریسکێتەوە، تەمومژی پێچولولی ژیانیان ڕەنگاوڕەنگ دەکات، سەختی ژیان ئاسان دەکات مەست و شادانە نیگای یەکتر دەکەن، ئەو مەستییەی کە وزەو گەرمییەك دەدا بە ڕۆح و ئینجا جەستە، ئەو گەرمییەی نە لە گەرمی خۆرە هەتاو و نە لە گەرمی ئاگردان چنگ دەکەوێ، ئەو گەرمییەی کە هەستی ئاسوودەیی و دڵنیایی تێدا لە دایك دەبێ.

ئەو ساتەوەختەی کە هەرگیز ناتەوێ بەسەربچێت هەمیشە دەتەوێ لە ئامێزی بگری و بیلاوێنیتەوە، ئەو چرکە ساتەی دڵ فێنکایی پێدا دێ و واپێدەچێ لە هەموو لایەك سروەی بۆنخۆشت بۆ بێ، ئەو چرکە ساتەی بە دلبەری خۆت دەگەیت ویست و

خواستی خۆتی بۆ دەردەبڕی، دەخوازی کە خۆشیی خۆشەویستی، عەشقەکە بێکۆتایی و هەتا هەتایی (Aldus Spark) بێت. هەروەکو نیتشە لە کتێبیەکەیدا،(Zarathoestra) لە تێکستی "سەمای دی"[1] ( Doch alle lust wil eeuwigheid) بەلاّم لەزەتی ئەبەدی دەخوازێ"

ئەو تێکستەی کە کۆپمۆنیستە مەزنەکانی جیهان لە سیمفۆنیاکانیاندا بەکاریان هێناوە هەروەکو کۆمپۆنیستی گەورە (ریچارد ستراوس)، (خوستەف مالەر) لە سیمفۆنیای (۳)دا مۆنتاژی کردوە.

## ئاوازو گۆرانی خۆراکی ڕۆحمانە

## (پەپوولەی ئازادی[2])

## مەزهەر خالقی

بێریڤان جەمال حەمە سەعید

**پێشەکی:**

ئەندامانی گروپە جیاجیاکانی پارت و هێزە سیاسیەکانی بەرگری هۆلّەندا، لە ساتە وەختی خەباتی ژێر زەمینی دژی داگیرکەرەکانی نازی ئەلّمانیا لە سالاّنی نێوان (۱۹٤۰– ۱۹٤٥)دا، لە کاتی گۆڕینەوەی زانیاری نێوان شانە جیاجیاکان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارە نهێنی و سیاسیەکانیان و دوا بەدوای ئەوەش، بە مەبەستی پاراستنی بنکەی نهێنی ڕێکخراو و گیانی ئەندامەکانیان، کۆد و شفرە و هێمای جۆراوجۆریان بەکاردەهێنا، یەکێ لەو کۆدە گرنگانەی کە بەکاریان دەهێنا و لە دوای جەنگیشدا لە مێشك و دەروونی زۆرینەی خەڵکیدا ڕەگی خۆی داکوتا (٤) نۆتەی یان مێلۆدی سیمفۆنیای (٥)ی کۆمپۆنیستی بەناوبانگ لودڤیگ بتهۆڤن بوو، کە بە ناوی چارەنووس، قەزا ناسراوە.

بیتهۆڤن لە کاتی شەڕە خوێناویەکانی ناپلیون لە سالّی (۱۸۰۸)دا ئەم سیمفۆنیایەی نوسیوە. ئاشکرایە، ئەم داهێنەرە مەزنە لە سەرانسەری جیهان ناسراوە و بە

۱- Fridrich Nietzsche

۲- ئەم بابەتە لە (گۆڤاری سێڤ، لە بلاّوکراوەکانی نەوا، سلێمانی، ۲۰۰٥)دا بلاّوکرایەوە.

بەناوبانگترین کۆمپۆنیست دادەنرێ، توانیویەتی لەو بارودۆخەی ئەو سەدەیەدا، خەبات و تێکۆشانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە رێگای نۆتە و مۆسیقادا بەرجەستە بکات، سیمفۆنیای (٥)ی کە لە چوار بەش پێکهاتووە چەند مانایەکی جیاوازی لەخۆگرتوە ئەویش:

(تێکۆشان، هیوا، گومان، سەرکەوتن). سەرکەوتنی مرۆڤ بە مانای زاڵبون بەسەر کۆسپ و تەگەرەی ژیاندا، زاڵبونی مرۆڤ لە دیاریکردنی مافی چارەنوسی خۆی تەسلیم بوون بە چارەنوس و قەزاو قەدەر.

هەڵبەت، هێزەکانی بەرگری هۆڵەندەش هێزی ئەم نۆتەیەیان زانیوە بۆیە وەك کۆدێك یاخود وەکو زمانی نهێنی لە نێو خۆیاندا بەکاریان هێناوە.

ئێستاش لە دونیای ئەمڕۆی هۆڵەندیدا، نزیك شەست ساڵ بەسەر تێپەربونی جەنگدا، لە کاتی ئاهەنگ گێران و یادکردنەوەی بۆنەی سەرکەوتنی رزگاری هۆڵەندا لە سەرەتای مانگی پێنجدا، (٤) نۆتەی میلۆدی سیمفۆنی و رۆحی بیتهۆڤن بەناو ئاسمانی بەرینی هۆڵەندا سەما دەکات.

لەو ساتە وەختانەی، کە هێزی دەنگی نۆتەکانی سیمفۆنی پێنج خۆی دەگەیەنێتە دنیای هۆش و قوڵایی هەست، دەرئەنجام کە رۆڵی لە پەرەپێدانی هێزی ورە و هیوا دەبێت. لەو کاتانەدا، بیرو هۆشم دەکەوێتە جوڵە و نۆتەکانی ئاوازی کوردی گۆرانی (پەپوولەی ئازادی) مامۆستای نێوداری کورد خالقی لە ناو مێشکمدا شەپۆڵ دەدەن، ئاواتی کەڵەکە کراوم، خۆزگەی شاراوەم سەردەردێنێ و لە خۆم دەپرسم، ئاخۆ کەی بێت، موزیکی ئەم سیمفۆنیایە رۆژی لە رۆژان بکرێتە سیمبولێك و لە رۆژە نیشتیمانییە گرنگەکانی کوردستان نۆتەکانی بە ئاسمانی وڵاتدا سەما بکات و دەنگ و میلۆدی خۆی بگەیەنێتە گشت گەنجان و لاوانی ئەمڕۆ و داهاتوو.

گەرچی، ئەو دوو داهێنەرە لە کاری هونەرییاندا زۆر لە یەك جیاوازن و لە دوو کات و سات و قۆناغ و کۆنتێکستی جیا بەرهەمیان دەرکردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچۆن سیمفۆنیاکانی بیتهۆڤن کاراکتەری پتەو و بەهێزی هەیە و هەمیشەییە و نافەوتێ هەتا رۆژی ئێستاش کاریگەری لەسەر جیهانی موزیکی هاوچەرخ هەیە، بەهەمان شێوە ئاواز و گۆرانی (پەپوولەی ئازادی) مامۆستای مەزن لە هەموو کات و

شوێنێکدا دەگونجێ و هەمیشە تازەو زیندووە. تایبەتمەندی ئەم ئاواز و گۆرانییەی لەوەدایە کە مامۆستای ناوبراو جیا لەوەی بە دەنگی ناسك و تێکستی قەشەنگ ئاوازی گەرمی وشەی سادە و شیعری بەهێز سەرنجی بیسەر و گوێگر ڕادەکێشێ، بگرە لە هەناوی گۆرانییەکەیدا مانای جوان و پڕ و قوڵی تێدایە، هیوا و ئومێد و شادی دەبەخشێت، بە چەشنێك کە مرۆڤ لە ئارەزو و خۆزگە و خواستەکانی خۆی نزیك دەکاتەوە، ئنجا دوابەدوای ئەمانەش کاریگەری لەسەر هێز و ویستی مرۆڤ زیاد دەکات.

**هونەرمەند و جیهانی هونەری:**

ئاشکرایە، هونەر بە هەموو جۆرەکانیەوە تێکەڵەیەکە لە جوانی، خۆشەویستی، عەشق، بیر و بۆچوون، ململانێ، غەمباری، تووڕەیی، کەلەپوور، سروشت و مرۆڤ. لە هەمان کاتیشدا هونەر پەروەردەیەکیشە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر کەسایەتی هونەرمەند خۆیی و هونەرەکەیی و ژیانی و جیهانی هونەر و کۆمەڵگاکەی.

کارە هونەرییەکانی مامۆستا لە گۆرانی و مۆسیقا و ئاواز و تەعبیری وشەکانی، تێکڕا جوانی و پوختەییەکی تێدایە، جوانی وەك جوانی، جوانی وەك بەهایەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، هەڵبەتە ئەم جوانی و ئیستاتیکایەش ڕەنگدانەوەی جیهانی ناخی خۆیەتی کە لەلایەك ڕۆڵی خێزان (دایك و باوك) و ئەو ژینگە و زەمینەیەی کە هونەرمەندی تێدا لە ژیری و هۆشە، کاریگەری گەورەیان هەبووە لە پەرەپێدانی جیهانی هونەریدا، بە واتایەکی دی فاکتەری پەروەردە و فاکتەری کەسایەتی هونەرمەند خۆی لە کاروکاردانەوەدا نەخشی گەورەیان بینیوە لە بەهێزکردنی کارە هونەرییەکانیدا.

بیریاری بەناوبانگ فرۆید، پرۆسەی گۆڕینی ئارەزوو و توانا و غەریزە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بۆ شتێکی بالاَ و مەزنتر لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەوە ناودەنێت بە پرۆسەی "سوبلیماسیون" کە ئەمەش گۆڕینی توانا و وزەکان بۆ داهێنان دەگرێتەوە، گەر لەم دید و ڕوانگەیەوە سەیری کارە هونەریەکانی مامۆستای مەزن بکەین، مامۆستا ئەو هونەرمەندە ڕەسەنەیە کە هەستە کۆمەڵایەتییە شاراوە و نادیارەکان لە

ڕێگـای بیرکردنـەوە و زەینییـەوە فـۆرمی کـردوە، لـە شـێوەی مۆسـیقا و گۆرانیـدا پراکتیزەی کردوە و دەڕی بڕیوە.
شـایانی باسـە، مامۆسـتا جگـە لـەوەی سەرچـاوەیەکی گرنگـە بـۆ داهێنـان، ئـەرکی وشیارکردنەوەی مرۆڤ بەرامبەر ئەو بارودۆخەی تێیدا دەژی لە لایەك و لـە لایـەکی دی ئاگادارکردنەوەی بـەردەوامی مـرۆڤ لـە بەرپرسـیاربوونی بەرامبـەر بـەو هەلومەرجـەی خـۆی و هـەم خـەڵکی دی لـە ئـامێز گرتـووە. بـە واتایـەکی دی هونەرمەنـد جگـە لـە داهێنان، هەستێکی ئەخلاقی و پەروەردەکردن، هەستێکی بـەر پرسـیاریەت بەرامبـەر بە کۆمەڵگای کوردەواری بە بەردەوامی تێدا دەژی، گۆرانییە نیشتمانییەکانی شایەتی ئەو حاڵەن.
بێگومـان دەبێـت دان بـەو ڕاستیەشـدا بنـێین، کـە هونەرمەنـد ئـەو کەسـەیە لـەناو تراژیدیادا شەلاڵن، چارەنووسیان گرێدراوە بە چارەنووسی ئـەو بارودۆخـەی کۆمـەڵگا خۆی تێدا دەبینێتـەوە، هونەرمەندی ڕەسـەن گـەر لـە خزمـەتی هونەرەکەیدا بێـت، ڕاسـتگۆ بێـت لـە کارەکانیـدا ناتوانێـت ملکەچـی ئایـدۆلۆژیای دەسـەلاتداران بێـت، پێچەوانەکەشی گەر لە ئـەنجامی بـارودۆخی نـەگونجاوەوە هونەرمەنـد بـووە کۆیلـەی هێزی دەسەلاتداران و لـە قـازانجی سیـستەمدا کـارە هونەریـەکانی بـە ئـەنجام هێنـا، مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت کە کاراکتەری کاری هونەری بدۆڕێنێ و لەجیاتی هـەڵگری خەونی گەورەی گۆڕان و تازەکردنەوە، جـوانی و پـرۆژە و داهێنـان بـن، وێرانکـردن و ئیفلیج کردنی کاری هونـەری دەگرێتـەوە، بـەلام سـەبارەت بـەوەی مامۆسـتای مـەزن سالانێکی زۆر لە لە دەرەوەی ولات ژیاوە، هەر پەیوەست بـووە بـە کێشە و گرفـت و هیوا و ئامانجی واقعی میللەتەکەیەوە، تەماشاکەرێکی شانۆ نەبووە، بەڵکو هەڵوێستی هەبووە. دیارە هێزی ئیرادەی و عیشقی بـۆ بوارەکـەی بریـاردانی دیـارکردووە، ئـەوە بوو لەگەڵ ئەوەشدا لە تاراوگە هەلومەرجی کاری هونەری بۆ مامۆستا نەشـیاو بـووە، توانیویەتی چەند گۆرانیەك پێشکەش بە جیهانی هونەری کـوردی بکـات. بـۆ نموونـە: دەگەڕێمەوە بۆ ولات. لەو کاتانەی خـەڵکان لـە هەنـدەران و ولات، ورەیـان بـەردابوو، ترسـێکی زۆر لـە دڵـی هـەموان خـۆی حەشـار دابـوو، مامۆسـتا بـە بـیر و هەسـتی پۆزەتیفەوە لە ڕێگای گۆرانیەکانیەوە هـەوڵی داوە ورە و مەعنـەویاتی گـوێگران بـەرز

بکاتەوە. ئیتر ئایا چ هەستی نادڵنیایی و ترسی خودی هونەرمەندی خۆی بوبێت کە لە ڕێگای کارەکانیەوە دەربڕیووە، یاخود، هەستی بەرپرسیارێتی هونەرمەند خۆی بووە، گرنگ ئەوەیە، کە مامۆستا ترپەی لێدانی دڵی لەگەڵ ترپەی لێدانی دڵی گەلەکەی خۆی بووە.

**مۆسیقا و گۆرانیەکانی مامۆستا:**

کۆمپۆنیست لە دانانی پرۆگرامی مۆسیقادا هەر هەوڵی ئەوە نادات کە ئەتمۆسفێرێکی پڕ تام و چێژ بخولقێنێ، بگرە هەوڵدەدات وردترین سترەکتوری دەنگەکان بخاتە بەر گوێ و دیمەنێك لە شێوەی ئەفسانەیەك بهێنێتە بەرهەم بۆ نموونە لە مۆسیقارەکانی بتهۆڤن، ڕێچارد ستراوس، ستراوڤسکیدا بەدی دەکرێ.

کۆمپیونیستی بەناوبانگی فەڕەنسی بەرلیوز هیکتۆر (١٨٦٩– ١٨٠٣)، کە لە ساڵی (١٨٣٠)دا سیمفۆنیای (فەنتاستیکای) داناوە و لە پێنج بەشی پارچە مۆسیقای جیاوازدا دەیخاتە ڕوو کە چۆن ئەو هونەرمەندە تا سەر ئێسقانی ئاشقی خانمێك دەبێت بە ڕادەیەك بیر و هۆش و جەستەی داگیر کردوە، بە شێوەیەك کە پەنا دەباتە بەر جیهانی تەنیایی، عەشق هێزی بیرکردنەوە و هەستی لێ داگیر دەکات، لە پاشدا ئەم بڕیار دەدا بە ئەفیون خۆی بێهۆش بکات و لە خەویدا ئاشقەکەی بکوژێ و خۆیشی دوا بەدوای ئەوە بکوژێ. لێرەدا پرسیار دەکرێ چۆن تەنها بە هێزی دەنگەکان ئەم چیرۆکە یان ئەم دیمەنە دروست دەکرێ، ئایا مۆسیقاش زمانە؟ چۆن زمان هێما و سیمبۆڵێکە کە دەردەبڕێت، وێنەیەك دێنێتە پێش چاو، ئایا مۆسیقاش هەروەکو زمان وایە؟ نیشاندان یان رامان دێنێتە کایەوە یاخود هەستەکانە لە دەرەوەی پەیوەندی فاکتەرە دەرەکیەکانەوە وێنە و دیمەن، دەهێنێتە پێش چاومان؟ لەسەر ئەم بیروڕایە، بیرۆکەی جیاواز هەیە، لێرەدا شوێنی باسکردنی نییە، ئەوەی گرنگە بخرێتە پێش چاو ئەوەیە، گەر گوێ لە مۆسیقا و گۆرانیەکانی مامۆستا خالقی بگرین، باڵانسێکی جوان لە نێو تێکستی گۆرانی و دەنگ و مۆسیقادا بەدی دەکرێ، باڵانسێك لە نێو داهێنانی کەش و ناوەڕۆکی گۆرانییەکەدا هەیە، بەبێ ئەوەی لایەنێکی هونەری زاڵ بێت بەسەر لایەنێکی تریدا، بە گوێگرتن لە ئاواز و مۆسیقاکانی

دیمەنێك دەخولقێنێ هەندێ جار دەبێتە بەشێك لەو دیمەنە و لەو تابلۆیەی کە مامۆستا لە گۆرانییەکانی دەیهۆنێتەوە، ئەمەش بە بۆچوونی من دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە کەشە داهێنەرەی کە لە ناو مۆسیقای مامۆستادا هەیە، تێکستەکانی، شیعرەکانی، ئاوازەکانی بە جۆرێك جوانن، کە ڕازی بوون و دڵخۆشی و ئارامی ناوەکیمان تێدا دەخولقێنن. لە هەناوی هەر پارچە مۆسیقایەکیدا جوانی و پوختی و بێتاوانی دەبینرێت، کە خالیبونێکی ڕۆحی لەناو مرۆڤدا دەهێنێتە کایەوە، هارمۆنیەکی قوولێ لەنێوان فەنتازی و هۆش و هەستەکانی مرۆڤ دا دروست دەکات، کە دووبارە کاریگەریی لەسەر هێزی عەقڵ و هێزی فەنتازیمان دەداتەوە، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی بەندێك لەنێوان مۆسیقا و جیهانی هەستی مرۆڤدا هەیە، کە مامۆستا توانیویەتی لە کارە هونەرییەکانیدا گەشەی پێبدات.

لە هەندێ گۆرانیدا، ئاواز و میلۆدی ڕەنگاوڕەنگی هەر لە گوێ و مێشکی بیسەردا ناگیرسێتەوە، بەڵکو دەنگی نۆتەکان خۆی دەگەیێنێتە ناوەوە و بە ناخدا شۆڕدەبێتەوە و لە قوڵای هەستدا خۆی جێگیردەکات و کاریگەری لەسەر جیهانی شاراوەی دەروون دەبێت، دەمی برینە کۆنەکان تازە دەکاتەوە و سەرلەنوێ دەیانهێنێتەوە خوێن و ئازاری ڕۆح دەدا، ئازاردانێك، کە قەپ و گاز لە هەناو بگرێ، هەر هەمان ئاواز و گۆرانییەکە خۆیی برینەکان ساڕێژ دەکات و لە دوایەکەشیدا هەستی ئاسودەیی و دڵنیایی و ئارامی لەگەڵ خۆیدا دەخولقێنێت.

ڕوونتر بڵێم، ئاواز و گۆرانییەکانی هونەرمەند، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ناوەوەی بیسەرەوە هەیە، بەجۆرێك ژیانی هەستیاری گوێگر پەرەپێ دەدا، ئەو هەستە چەپێنراو سۆزە تەزێنراوانەی کە مرۆڤ خۆی نایگاتێ، ئەو ئاوات و خۆزگانەی کە لە ناخدا کەڵەکە کراون و لە ڕێگای وشەوە ناتوانێ دەریبڕێ، هێزی ئاواز و وشەکان و دەنگی غەمگینی، خۆی دەگەیێنێتە لایان و ناخ و هەستەکان دەبزوێنێ و مرۆڤ بە هەستەکانی خۆی دەناسێنێ.

بۆ نموونە گۆرانی (نەسیم)، یەکێکە لە گۆرانییە زۆر جوانەکان کە هەڵبەزین و دابەزینی هەستەکانی تێدا بەدی دەکرێت. ئەم گۆرانییە لە قوڵایی ناخی هەڵدەقوڵێت

و خۆی لە دەروونی گوێگر جێگیر دەکات. گۆرانییەکە هۆنراوەی (د. عابیدی سیراجیدینی)یە، ئاوازی (حسێن یوسف زەمانی)یە:

**نەسیمەکەی ساردی پاییز چ بێ ڕەحمی چ دڵ بەردی،**
**سووریی گوڵ و سەوزیی گوڵزاران ئەبەی تۆ، روو بە ڕەنگ زەردی،**
**ئیتر ناپرسی بەم کارە هەزاران دڵ برینداره**
**دە پاییز بەس بێ ئازارت... خودایە کوانێ بەهارت**

گەرچی، لەم گۆرانییەدا بێ ئومێدی و هەستی ناشادی دەبەخشێت و ئازار و لاواندنەوەی ڕابووردوی لە خۆی گرتوە، کوڵی دڵ و لافاوی غەمی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام گرنگی گۆرانییەکە لەوەدایە لە جەوهەری هەستەکان بەزەیی بە خۆ هاتنەوەی هونەرمەندی تێدا بەدی ناکرێ. لە سەرێکەوە هێزی دەنگی گەرم و بە سۆزی، لە سەرێکی دیکەوە بوێری دەربڕینی هەستە جۆراوجۆرەکانی کە لە ناخی هونەرمەند خۆی هەڵدەقوڵێت، زیاتر تام و چێژ و نرخی داوە بە گۆرانیەکەی بە چەشنێك گوێگریش دەوێرێت (جرئەت) ڕووبەڕووی هەستە شاراوەکانی جیهانی تاریکی ناوەوەی خۆی بێتەوە.

**ئەشق، باوەڕ (ئایین)، هونەر:**

ئایا مرۆڤ لە پەیوەندییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سایکۆلۆژیدا بۆ پێشخستنی هێزی عەقڵ و بیرکردنەوەی دەتوانێت لە دەرەوەی غیابی یەکێ لەم لایەنانەدا بژی؟ ئایا پەیوەندیەك هەیە لە نێوان باوەڕ و ئەشق و هونەردا؟

شاعیر و نووسەری بەناوبانگی ئەڵمانی ((گۆتە یۆهان)) (١٨٣٢-١٧٤٩).دەڵێ: **ئەوەی هونەری هەبێت، ئەو کەسەیە باوەڕی هەیە، ئەوەی بێ هونەر بێت، پێویستی بە باوەڕ هەیە، ئەوە ئەشقی هەبێت، باوەڕی هەیە، ئەی ئەوەی کە عەشقی نەبێت و کەسی خۆش نەوێت ئایا پێویستی بە باوەڕ یاخود بە هونەرە؟** لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا مرۆڤ دەتوانێت بە بێ یەکێ لەم لایەنانە بژیت؟ بە بێ هونەر یا بێ ئەشق یا بێ باوەڕ؟

بێگومان ئەو پەیوەندییە کە لە نێوان هونەر و عەشق و باوەڕدا هەیە، ئەوەیە کە هەر سێکیان ئەندێشە و فەنتازی خودی مرۆڤ خۆین. مۆزەخانەکان پڕن لە کاری هونەری هونەرمەندان، ئاسمان پڕە لە خواوەندەکان، مرۆڤیش بە لایەنی کەمەوە یەك جار خۆشەویستی ئەوی دی بوە، بەڵام ئەم بابەتانە خەیاڵین و هەروا نەهاتونەتە کایەوە بگرە دروستکراون.

یەکێ لەو سیفەتە دیارانەی کە گیانلەبەران لە مرۆڤ جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە گیانلەبەران بە هۆی کەمی ژیرییەوە و نەبونی ئەندێشەوە هونەر و خواوەند و ئەشقیان نییە، هەرچەندە لە رۆژی ئەمڕۆماندا کۆمپیوتەر هەیە لە ئاستی گیانلەبەراندا کار دەکەن. هەروەکو ئەریستۆتالس دەڵێت: مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشدارە بەڵام لە واقعی ئەمڕۆماندا کۆمپیوتەریش خاوەنی توانایەکە، کە نەخشی بوونەوەری هۆشدار دەبینێت. بەڵام ئەوەی کە مرۆڤ جیادەکاتەوە ئەوەیە کە خاوەنی فەنتازی و خەیاڵە.

باوەڕەکان جۆرێکن لە هزر و خەیاڵ و وێناکردن، خوا دۆستێکە گەر بوونی هەبێت، باشترین گرنتی و دڵنیایی دەدا بە مرۆڤ، بەڵام مرۆڤ دڵنیا نییە لەوەی کە هەبێت، دەبێت مرۆڤ گرەوی ئەوە بکات هەروەکو فەیلەسوف پاسکال دەڵێ: کە هەیە، مرۆڤە ئاشقەکان بە خوێن و گۆشت جەستە بوونیان هەیە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا خۆشەویستییەکان گرەنتی لەگەڵدایە و دڵنیایی و ئارامی دەبەخشێت؟

بەڵام هونەر بە بێگومانی و بێ شك هەیە و دڵنیاییەك دەدا و مانا دەبەخشێت، هونەرمەند کەسێکی نێرگیسیە، دروستکەرە، نایەوێت بکەوێتە مەترسیەوە، لە میتۆلۆژی گریکە کۆنەکاندا باسی ئەفسانەی پەیکەرتاش "پیخمالیون" دەکرێ، کاتێ پەیکەرتاشی ناوبراو دەبینێ پەیکەرە مەرمەڕە خۆشەویستەکەی کە دروستی کردبوو، فۆرمێکی تری وەرگرت و بو بە واقیع، ئیتر هونەرمەند لە ئەندێشە و خەیالات، دوورکەوتەوە و ناچار وازی لە ئیشەکەی خۆی هێنا و دەبوایە سەر لە نوێ دەست بکاتەوە بە کارێکی نوێ. تایبەتمەندی هونەرمەند لەوەدایە کە دروستکەر و خالقن دەیانەوێت کەش و واقیعەتێك بخولقێنن، بەڵام کەی ئەو بارودۆخە گۆڕاو شێوەیەکی تری وەرگرت و بووە ڕاستیەك، ئیدی نائومێدی و شکستیی بۆ هونەرمەند دێتە

کایەوە. لێرەدا پارەدۆکس لەوەدایە، کە هونەرمەندان دەیانەوێت کەش و بارودۆخێك بخوڵقێنن، جیهانێکی تر دروست بکەن. بەڵام کاتێ ئەو جیهانەی دروستیان کرد دەبێتە ڕاستییەك، شکستی و نائومێدیی بۆ هونەرمەند دەگرێتەوە، چونکە ئیدیال دەبێت تەنها خەیاڵ بێت.

لێرە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا نوسەر بۆ دەنوسێ؟ گۆرانیبێژ بۆ گۆرانی دەڵێ؟ ڕەسام بۆ ڕەسم دەکات... لەبەر ئەوەی بەهرەدارن یا هونەرەکەیان شتێکی جوانی تێدایە، بەڵام ئایا مەبەستمان لە جوانی چییە؟ ئایا سەرچاوەی جوانی ئەو شتانە لە چیدایە کە پێیان دەڵێن جوانن؟ ئایا جوانی بەهایەکی سەربەخۆیە یان وا بەستەی کۆمەڵێك بەهای دەرەکی دەرەوەی جوانی خۆیەتی؟

کاتێ سارتەر ئەو پرسیارەی وەردەگرت کە ئایا دەنوسێ لەبەر ئەوەی کاری نوسینی پێخۆشە و چێژی لێ دەبینێ یا مۆتیفی شاراوەی تر هەیە، لە وەڵامی پرسیارەکان پیشانی دەدا، لە ڕێگای بیر و داهێنانەوە شتی تایبەت و گرنگ پێشکەش بە جیهان بکات، دەیەوێت کاریگەری لەسەر گۆڕینی جیهان هەبێت.

ئەی ئەگەر بگەڕێینەوە سەر مامۆستای سەرکەوتووی خۆمان، ئەو بۆچی سەرقاڵی گۆرانی و مۆسیقا بووە و گۆرانی وتوە؟ چونکە هەر لەبەر ئەوەی دەنگی خۆشە و چێژی لێ بینیوە، یاخود پاڵنەر و مۆتیفی شاراوەی تریش هەبوە کاریگەری لەسەر کەسایەتی هونەری مامۆستا هەبووە کە پەرە بە کارە هونەرەکانی بدا.

پێم وابێ مامۆستا لە گۆرانی و مۆسیقا جوانەکانیدا، هەر هەوڵی ئەوەی نەداوە کە هەر هارمۆنی قووڵ لە نێوان خەیاڵ و عەقڵ و هەستەکانمان دروست بکات، چێژی فەنتازی و چێژی بیرکردنەوەمان بەهێز بکات، بگرە مۆسیقا و گۆرانییەکانی مانایەکی قووڵی بۆ جیهانمان دەگرێتەوە.

لە هەندێ ئاواز و گۆرانیدا، هەروەکو باسمانکرد دیاردە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکانی ژیانی کوردەواری دەخاتە ڕوو. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین: کە مامۆستا هەڵوێستێکی وجودیانەی بەرامبەر بە جیهان و بوون و کۆمەڵگا و ئینسان و پەیوەندی بە ئەدەب و داهێنانەوە هەبوە، بۆتە هۆی هاتنە کایەی مۆراڵێکی تایبەت بۆ هونەر، بۆتە وزەیەك بۆ داهێنان، بۆتە داوایەك بۆ فراوانکردنی هەستی لێپرسراوی، کە

هـەڵگری قووڵاییـەکی فیکـر و ئیـستاتیکی هونـەرە، لـە ژێـر ئـەو بـارودۆخ و قەیرانـە سیاسیەیانەی وڵاتدا، کە هونەر و ئەدەبی کوردی ساڵانێکی زۆر بۆشاییەکی فیکـری و ئیـستاتیکای بەخۆیـەوە دیبـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا مامۆسـتا لـە سـەروی ئـەم دۆخـە ناهەموارەشدا وەستاوەتەوە، توانیویەتی "کەسایەتی هونـەری" خـۆی ڕزگـار بکـات، جگە لەمانە ناوبراو سنورەکانی هونەری مۆسیقا و گۆرانی لەلایەك و سنوری ئـەخلاقی هونەریەکەی پاراستوە، لە هیچ زروفێکدا نەیهێشتوە فاکتەرە دەرەکیەکان تێکەڵ بـە لایەنی هونەرەکەی بێت، ئەمەش وشیاری و بەرپرسیارێتی مامۆسـتا دەردەخـات، کـە هەڵگری گۆڕان و پرۆژەی جوانترکردنی دنیا و ڕێزلێنانی مرۆڤایەتی دەردەخات.

پێم وابێ، ئـەم هونەرمەنـدە، لـە ڕێگـای کـاری هونەریـدا سـەرەداوی دیـار و نادیـاری دیاردە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی گرێداوەتەوە، مرۆڤ و سروشت و هۆش و هەست و بیر و فەنتازی لە یەك نزیك کردۆتـەوە، توانیویـەتی لـە ڕێـی هەڵبەسـت و ئـاوازەوە بەشە جیاوازەکان، بەشـە دابڕاوەکـانی وڵات بەیەکدا بلکێنێتـەوە و لـە یـەکیان نزیك بخاتەوە، جیا لەمانەش ئێستاش لە کوردستانی ئازادکراودا هەر لە (خزمەتی هونـەر و کەلەپوری کوردیدایە)، توانیویەتی کەسایەتیی خۆی و پیرۆزی هونەرەکەی بپارێزێ و ڕێـزی ئـەو شـتانە بگرێـت کـە سـەر قاڵییـەتی. ئەمـەش ئـەو ڕاسـتیە دەردەخـات کـە هونەرمەنـد کـارە هونەرییـەکانی وەك ئـامرازێکی داهێنەرانـە بـەکاردەهێنێت و بـە هەستێکی بەر پرسیارانە و ئەخلاقیانەوە بەرامبەر بە خۆی و کۆمـەڵگای کـوردەواری، بـەردەوام سـەرقاڵی زیـادکردنی بـڕی جـوانی و خۆشەویـستی و بەختـەوەری کۆمەڵگاکەیەتی.

دوا وشـەم دەتـوانم بڵـێم هونەرمەنـد ئیمـامی گـۆرانی کـوردی و پێغەمبـەری ئـەدەب ئستاتیکا و هونەری کوردییە زەخیرە و گەنجینەی کەلتوورمانە، دەبـێ هـەردەم سـەر بۆ کارە هونەریەکانی دابنەوێنین.